کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

۴۸۱

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ۴۸۱ – بەفرانباری – دێسامبری ۲۰۲۵


سەروتار

## لە پێناودامەزراندنی حکوومەتی شۆرایی لەکوردستاندا، بایەکگرتووانەتێبکۆشین

کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان لە بارودۆخێکدا کار و ژیان و خەباتیان بەڕێوە دەبەن کە کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی حیزبییە. حیزب و هێزە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستاندا هەن و چالاکی دەکەن و هەر لە ئێستاوە خەریکە وێنای خۆیان لە سەرکەوتنی بزووتنەوەی کوردستان لە ناو بیروڕای گشتیدا بانگەشە دەکەن. ئەم هێزانە دەیانهەوێ دامەزراندنی حکوومەتێکی پارلەمانی فێدراتیو وەک شکڵ و ناوەرۆکی سەرکەوتن بەسەرخەڵکدابسەپێنن.بە خەڵک دەڵێن کە حکوومەتی فیدراڵی لەسەر بنەمای سیستمی پارلەمانی، ئەو شێوازە لە دەسەڵاتە کە بە باشترین شێوە بەشداری خەڵک لە کاروباری سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا دەستەبەر دەکات. دەڵێن کە خەڵک لە ژێر دەسەڵاتداریەتی حکوومەتی فێدراتیودا خواستەکانیان دێتە دێ. لە بەرامبەر ئەم پێچەوانەوێژی و پڕوپاگەندەیەی هێزە بورژواییەکاندا دەبێ راستییەکان بە خەڵک بوترێت و ئەڵترناتیڤی دەسەڵاتداریەتیی شۆرایی خەڵک لە کوردستان بخرێتە پێشیان.

حکوومەتی فێدراتیو پارلەمانی کە ئەم هێزانە بەڵێنی دەدەن، هەروەک ئەزموونی حکوومەتی فێدرالی لە کوردستانی عێراق بە ڕوونی نیشانی داوە، جەماوەری بێبەشکراوی کۆمەڵگا لە دامودەزگای ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگا و لە دەسەڵاتداریەتی بەسەر چارەنووسی خۆیان دوور دەخاتەوە. لە سیستمی حوکمڕانی پارلەمانیدا، مافی حوکمڕانی سیاسی لە جەماوەری خەڵک وەردەگیرێت و دەدرێتە دەست نوێنەری هەڵبژێردراوی ناو پارلەمان. لەم فۆرمەی حکوومەتدا دەنگدەران هیچ کۆنتڕۆڵێکیان بەسەر کردەوەی نوێنەراندا نییە. لە نیزامە پارلەمانییەکاندا دەنگدەران هەر چەند ساڵ جارێک دەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان تا بە دەنگدانی خۆیان بەکردەوە لە دەورونەخش نواندنی ڕاستەوخۆ لە ئیدراە و دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵگا دوور بخرێنەوە. لە نیزامی پارلەمانیدا ئەگەر دەنگدەران هیچ کۆنتڕۆڵێکیان بەسەر پارلەمانەوە نییە، نوێنەرانی پارلەمانیش هیچ کۆنتڕۆڵێکیان بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکار و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی یاساکانەوە نییە. پارلەمان دەسەڵاتەکەی سنوورداره و دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە دەستی ئۆرگانە جێبەجێکارەکان، وەزارەتخانەکان، ئەرتەش، پۆلیس و ڕێکخراوە ئەمنییەکاندایە. لەم دیموکراسییە سەرمایەدارییەدا پارلەمان دەبێتە شوێنی مشتومڕ و مانۆڕی سیاسی بۆ پارتە بۆرژوازییەکان. وە ئۆرگانە جێبەجێکارەکان



## ئەرکەکانی کۆمەڵە بۆ کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی لە کوردستان



## پێویستیی سیاسی و چینایەتیی پێکهێنانی سندووقەکانی هاوپشتیی کرێکاری





## با خەباتی ئابووریی کرێکاران بکەینە بەستێنێک بۆ ڕێکخستن

## ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

## حوکمی سەرکوتگەرانەی دەرکردن، دوورخستنەوە و لەسەرکار لابردنی مامۆستایانی کوردستان مەحکوومە

دەسەڵات و حوکمڕانی بۆرژوازی دەسەپێنن. لەو نیزامە پارلەمانییەدا کە هێزە بورژوا ناسیۆنالیستەکان بەڵێنی دەدەن، هەر چەند ساڵ جارێک نوێنەرانی پارلەمان دەگۆڕدرێن، کابینەی وەزیرانی دەوڵەت دەگۆڕدرێ، بەڵام پێکهاتە و ئۆرگانە سەرەکییەکانی دەسەڵات لە دەستی ئەرتەش، پۆلیس و دەزگای ئەمنیەتیدا دەمێننەوە. هەر بەم هۆکارە سادەیەیە کە خەڵک ناتوانن لە ڕێگەی پارلەمانەوە داخوازییەکانیان بێننە دی. بێگومان ئەگەر ئەو تەسەورەی کە هێزە بورژوا ناسیۆنالیستەکان لە ئاسۆی سەرکەوتن لە کوردستان هەیانە بێتە دی و حکوومەتی فێدرالی کوردستان کە حکوومەتێکی بورژواییە بێتە سەرکار، ڕوون و ئاشکرایە کە هەر لە سبەینێی "سەرکەوتن"دا، خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان تووشی چ چارەنووسێک دەبن

کرێکاران، هەژاران و بەشمەینەتانی کۆمەڵگا نەتەنیا لە حکوومەتی فێدرالی کوردستانداهیچ دەورونەخشێکیان نابێت بەڵکوو ئەمجارە هێزە بورژواییەکان لە چوارچێوەی حکوومەتی کوردستانی فیدرالدا، ئاڵای نەتەوەیی، ئەفسانەی نەتەوەیی و سروودی نەتەوەیی وەک ئامرازێک بۆ بەلاڕێدابردنی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا بەکار دێنن. ئەمجارە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا دەبێ بۆ نیشتمانی خۆیان زیاتر کار بکەن، زیاترماڵیات بدەن، کەمتر بەکار بێنن و مانگرتن و خۆپیشاندان نەخەنە ڕێ. حکوومەتی فیدرالی کوردستان، دەسەڵاتی کەمینەی کۆمەڵگا بەسەر زۆرینەدا دەبێت. دەسەڵاتێک دەبێت کە تەنیا بورژواکان، نوخبەکانی کۆمەڵگا و سەرانی حیزبە بورژوازییەکان دەتوانن سەرکەوتنی سەرەکی بەدەست بێنن

ئەگەر کرێکاران و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان نایانهەوێ ئەم چارەنووسەیان بەسەر بێت، پێویستە هەر لە ئێستاوە بیر لە دارشتنی بناغەی دەسەڵاتی شۆرایی خۆیان بکەنەوە. کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان پێویستە بیر لە دارشتنی پایەکانی دەوڵەتێک بکەنەوە کە هەر ژن و پیاوێکی کرێکاری سادە، هەر ئینسانێکی زەحمەتکێش بتوانێ بەشێوەی شۆرایی ئامرازەکانی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت و ڕاستەوخۆ لە حەیاتی سیاسی و ئیداری کۆمەڵگادا دەورونەخش بنوێنێت. بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتداریەتی خەڵک لە کوردستان بەنیازە ئیمکانی پایەڕێژیی وەها دەسەڵاتێک واتە "دەسەڵاتی شۆرایی" بە خەڵک نیشان بدات. کۆمەڵە دەیهەوێ زەرووەرەتی دەسەڵاتی شۆرایی بکاتە بەشێک لە ئاگایی گشتیی خەڵکی کوردستان، تا لەوە کەمتر بە سەرکەوتن حیساب نەکەن و لەوە کەمتریان قەبووڵ نەبێت. بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتداریەتیی شۆرایی خەڵک لە کوردستان دەیهەوێ بە خەڵک بڵێ کە بابەتی دەسەڵاتداریەتی لە کوردستانی ئازادکراو مافی ڕەوای کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستانە و کۆمەڵە ئامادە نییە لە داهاتوودا لەگەڵ هیچ حیزب و گرووپێک لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات دانوستان و وتووێژ بکات. بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتداریەتی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان دەیهەوێ نیشان بدات کە دوای تێکشکاندنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و ماشێنە سەرکوتەکەی لە کوردستان، کرێکاران و زەحمەتکێشان، خەڵکی فەقیر و بێبەش کە زۆرینەی کۆمەڵگا پێک دێنن، دەتوانن دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. دەیهەوێ نیشان بدات پێکهاتەی شۆرایی، ئەوپەڕی ئیمکانی بەشدرایی جەماوەر لە دەسەڵاتدا دابین دەکات. لە حکوومەتی شۆراییدا هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بە ئەندامێکی دەوڵەت بە حیساب دێن و لە ڕێکخستنی دەوڵەتدا جێگایان هەیە. لە دەسەڵاتی شۆرشگێڕانە لەسەر بنەمای شۆراکان، کە لە بەرنامەی کۆمەڵەدا تەئکیدی لەسەر کراوە، خەڵک لە شۆرای گەڕەکەکاندا ڕێکدەخرێن و دەسەڵاتی ڕاستەقینەیان لە دەستدایە و هەر کات ئیرادە بکەن دەتوانن نوێنەرانی خۆیان بانگ بکەن و لەسەر کار لایان بەرن. وە بەمجۆرە هەموو




تەشریفات و بەربەستە بوروکراتیکەکان لە بواری هەڵبژاردندا هەڵدەوەشێتەوە و نامێنێت. حکوومەتی شۆرایی کە مافی ئازادانەی لەسەر کار لابردنی هەڵبژێردراوان لە هەموو کاتێکدا بە خەڵک دەدات، هەتا کاتێک ئەم مێکانیسمە بەرقەرار بێت، گەندەڵی هەڵناگرێت. بەمجۆرە، گەندەڵیی ئیداری، کە نەخۆشیی لەمێژینە و درێژخایەنی هەموو حکوومەتە بورژوازییەکانە، بەهۆکاری بەشداری ڕاستەوخۆی خەڵک بۆ هەمیشە بنبڕ دەبێت. لە ئیدارەی شۆراییدا، هەموو کاربەدەستانی ئیداری و سیاسی و قەزایی لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت و هەر کات زۆرینەی هەڵبژێرەران ئیرادە بکەن، دەتوانن لەسەر پۆستەکەیان لایان بەرن. لە ئیدارەی شۆراییدا، بەرپرسان لە باڵاترین ئاستدا وەک خزمەتگوزار کار بۆ خەڵک دەکەن و بەقەد کرێکار یان بەرهەمهێنەرێکی شارەزا حەقدەست وەردەگرن. هەربۆیە جەماوەرێک کە لە نیزامی شۆراییدا ڕێکخراون، هەم دارێژەری یاسان و هەم بەڕێوەبەری یاسا. ئەوەیکە لە بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتی جەماوەری لە کوردستان تەئکیدی لەسەر دەکرێت، دەسەڵاتی شۆراییە کە لە سەرووییەوە کۆنگرەی سەرانسەری نوێنەرانی شۆراکان و لە خوارترین ئاستیشیدا شۆرای شار و گوندەگان و شوێنی کارە. وە لەڕێگەی سیستمی شۆراییەوە ڕاستەوخۆ وەک ئەندامێکی دەوڵەت لە بابەتی دەسەڵاتدا دەوری چالاکانە دەبینن و لەڕێگەی نوێنەرانی خۆیانەوە لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی وەک کۆنگرەی ناحیەیی، ئەیالەتی، مەحەلی و سەرتاسەری لە هەموو بوارەکانی چالاکی کۆمەڵایەتیدا بەشداری دەکەن. هێزی چەکداری مەحەلی لەژێر فەرماندەیی کۆنگرەی سەرانسەری شۆراکاندایە و ئەرکی بەرگری لە دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر هەڕەشە و دەستدرێژی دەوڵەتی ناوەند و یان هەر هێزێکی تری وەئەستۆ دەبێت. ئەم هێزە مافی دەستوەردانی لە کاروباری ناوخۆی کوردستاندا نابێت

کۆمەڵە هەر لە ئێستاوە بەرنامەی سیاسی خۆی بۆ دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان گەڵاڵە کردووە و هەوڵ دەدات لە کاتی خۆیدا لەلایەن نوێنەرانی سەرتاسەریی خەڵکی کوردستانەوە پەسندی بکات تا بیخەنە بواری جێبەجێ کردنەوە

گشت ماف و ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، داواکاریی ڕەفاهی و فەرهەنگی، ماف و داخوازییەکانی ژنان لە بواری بەرابەریی تەواو لەگەڵ پیاوان، مافی منداڵان، ڕێوشوێنی پاراستنی ژینگە، هەروەها بنەماکانی یاسایەکی کاری شۆڕشگێڕانە کە لە بەرنامەی لانیکەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا هاتووە، لە کوردستانی ئازادکراودا دەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە

لە کوردستانی ئازادکراودا مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان بە مانای ئازادی جیابوونەوە لە ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دابین دەکرێت و بارودۆخی پێویست بۆ کەڵک وەرگرتنی هوشیارنە لەم مافە فەراهەم دەکرێت. خەڵکی دانیشتووی کوردستان دەتوانن بە دابینکردنی کردەوەیی وە یان ڕەسمی بارودۆخێک کە لە بەرنامەی سەرەوەدا گونجێندراوە لە چوارچێوەی ئێراندا بمێننەوە یان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان پێک بهێنن و لە ئێران جیا ببنەوە. لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەگەر خەڵکی کوردستان بڕیار بدەن لە بارودۆخی بەرقەراربوونی حکوومەتێکی کرێکاری وە یان لە بارودۆخێکی دیموکراتیک و شۆڕشگێڕانە لە چوارچێوەی ئێراندا بمێننەوە، بە دابین کردنی بارودۆخی سەرەوە و بە گرتنەبەری سیاسەتی هوشیارانەی پەروەردەیی و فەرهەنگی، هەموو جۆرەکانی نابەرابەری و ناهەماهەنگی لە نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکان لەوانە نەتەوەی کورد و غەیری کورد کۆتایی دێت و پێناسی ئینسانی تاکەکانی سەربە نەتەوە جۆراوجۆرەکان و ڕێگای پێکەوەژیانیان وەک ئینسانی ئازاد و یەکسان هەموارتر دەبێت. بێگومان وەها کۆمەڵگایەک لەگەڵ دیاردەی ستەمی نەتەوایەتی نامۆ دەبێت

❊❊❊

**بو بینینی ڕاستەوخۆی**

**تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی**

**-کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و**

**کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە**

**بکەن:**

**alternative-shorai.tv**

# بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان

## ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

# حوکمی سەرکوتگەرانەی دەرکردن، دوورخستنەوە و لەسەرکار لابردنی مامۆستایانی کوردستان مەحکوومە

ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایانی کوردستان (لقی سنە)، هەواڵی یەکلاییبوونەوەی حوکمەکانی دەرکردن، لەسەرکار، لابردنی کاتی، دوورخستنەوە و خانەنشینکردنی زۆرەملێی ١٧ کەس لە مامۆستایانی زەحمەتکێش، تێکۆشەر و بەسابقەی شارەکانی سنە، سەقز، دیواندەرە و مەریوانی بڵاو کردەوە. ئەم هەواڵە لەلایەن "شۆرای هاوئاهەنگی ڕێکخراوە پیشەیییەکانی فەرهەنگیانی ئێران"یشەوە بڵاو کراوەتەوە. ئەم ئەحکامە زاڵمانەیە ڕۆژی سێشەممە ١٨ی سەرماوەز بە فەرمی پێیان ڕاگەیەندراوە. تۆمەتی ڕیسوا و بێبنەمای پەیوەندی و وابەستەبوون بە لایەن و پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کوردستان، بیانووی دەرکردنی ئەم حوکمانە بووە کە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییەوە بە "دەستەی پێڕاگەیشتن بە سەرپێچییە ئیدارییەکان"ی وەزارەتی پەروەردە دیکتە کراوە. دەرکردنی ئەم حوکمانە هەوڵێکی ئاشکرای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە بۆ سەپاندنی کەشوهەوای ترس و سەرکوت و کپ کردنی هەر دەنگێکی پێشڕەو و ئازادیخواز لە ژینگەی خوێندن و فێرکاری کوردستاندا.

بەپێی ئەم حوکمانە، مەجید کەریمی، غیاس نیعمەتی، سومەیە ئەختەر، جەهانگیر بەهمەنی، ئومید شامحەممەدی، پەروێز ئەحسەنی، کاوە محەممەدزادە و هیوا قورەیشی، حوکمی دەرکرانی یەکجارییان لە پیشەی مامۆستایی بەسەردا سەپاوە. هەروەها شەهرام کەریمی، لوقمان ئەڵڵا مورادی، سەلاح حاجی میرزایی، نەسرین کەریمی، لەیلا زارعی و سولەیمان عەبدی حوکمی لەسەرکار لابردنیان لە ساڵێک تا ٦ مانگ بۆ دەرچووە. سەرەڕای ئەمانە، فەیسەڵ نووری، مەحیەدین ڕەیحانی و تابان حەددادیان مەحکووم بە دوورخستنەوە و بێبەشکران لە مافە ئیدارییەکان کراون. سەپاندنی ئەم حوکمانە لە باروودۆخێکدا کە گرانی و هەڵاوسانی بێسنوور و هەژاری و بێکاری و نەهامەتی ئابووری، ژیان و بژێوی بنەماڵەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی لە هەموو لاوە خستووەتە ژێر گوشارەوە،یەکجار نامرۆڤانەیە

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتیدا هەوڵی داوە لە ڕێگەی سڕینەوەی ناوەرۆکی زانستی و پێشڕەو لە کتێبە دەرسییەکان و جێگیرکردنی قەبارەیەکی قورس لە خورافاتی ڕزیوی ئایینی؛ بە فێرکردنی کچانی خوێندکار بۆ قبووڵکردنی ڕەگەزی دووەمبوون و ئەو پێگە نزمەی کە کتێبی ئاسمانی پێی ڕەوا بینیون؛ بە دەرکردن و هەڕەشە و خستنە ژێر گوشاری مامۆستایان و خوێندکارانی پێشڕەو و تێکۆشەر، و هەروەها بە دامەزراندنی ئاخوند و موعەلیمانی بەسیجی، سیاسەتی کۆنەپەرستانەی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێت. هەڵبەت لەم بوارەشدا وەک باقی بوارەکانی دیکە ڕووبەڕووی شکست و ناکامی بووەتەوە. بێگومان ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە سیاسەتی دەرکردن، دوورخستنەوە، بێبەشکردن و خانەنشینکردنی زۆرەملێی مامۆستایانی تێکۆشەر، هەرگیز ناتوانێت پێش بە گەشەی زانست و فەرهەنگی پێشڕەوی کۆمەڵگا بگرێت و ناتوانێت بزووتنەوەی مامۆستایان و خوێندکاران لە بەدواداچوونی داخوازی و داواکارییەکانیان پاشگەزبکات. ئامانجی ڕژیمی ئیسلامی لە دەرکردنی ئەم حوکمانە، سەرکوتی سیستماتیکی مامۆستایان، خوڵقاندنی کەشی تۆقاندن و سڕینەوەی خوێندنگاکانە لە هێزی هوشیار و پێشڕەو و سەپاندنی بێدەنگییە بەسەر مامۆستایانێکدا کە جگە لە فێرکردن، ڕۆشنگەری و خزمەت بە کۆمەڵگا و بەرگری لە کەرامەتی ئینسانی خۆیان و خوێندکارەکان، هیچ تاوان و هەڵەیەکیان ئەنجام نەداوە

کۆمەڵە، حوکمە سیاسی و دژە مرۆیییەکان و دۆسیەسازی دژی مامۆستایانی تێکۆشەری کوردستان بە توندی مەحکووم دەکات و وێڕای پێداگری لەسەر ئەم ڕاستییە کە مامۆستایانی کوردستان وەکوو بەشێکی گرنگ لە بزووتنەوەی سەرانسەری مامۆستایان، هەمیشە لە ڕیزەکانی پێشەوەی خەباتی خەڵکی کوردستان دژی ستەم، سەرکوت و هەڵاواردن ڕاوەستاون، خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێ و بێمەرجی ئەم حوکمە دژە مرۆییانەیە

کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، وێڕای دەربڕینی پشتیوانیی تەواوی خۆی لەم مامۆستا شەریف و تێکۆشەرانە و بنەماڵەکانیان، بانگەواز لە سەرجەم کرێکاران، زەحمەتکێشان و هێزە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکانی کوردستان و سەرانسەری ئێران دەکات بۆ پشتیوانی لە مامۆستایان؛ کە بەشێکی دانەبڕاوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و خەباتی کۆمەڵانی خەڵکن بۆ ڕزگاری لە ستەمی چینایەتی، نەتەوەیی و ڕەگەزی

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان**

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**

**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

١٨ی سەرماوەزی ١٤٠٤

٩ی دێسامبری ٢٠٢٥

***

# ڕاگەیاندراوی دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێ ئازادی خوانچە زر

بەداخێکی گرانەوە هاوڕێ ئازادی خوانچەزر، چالاکی کۆمەڵایەتی چەپ، ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٨٢ سەرماوەزی ساڵی ٤٠٤١، پاش حەوت ساڵ بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە، لە زێدی خۆی لە شاری مەریوان کۆچی دوایی کرد

ئازاد لە ماوەی تەمەنی کورتی خۆیدا لە زۆر بوارەکانی خەباتی کۆمەڵایەتی، خەباتی کرێکاران، خەبات بۆ مافی منداڵان، ژنان، کارەساتە سروشتییەکانی وەک بوومەلەرزەی کرماشان، لە پێکهێنانی شورای گەڕەکەکانی مەریوان لە سەردەمی کۆرۆنا و لەم دواییانەشدا لە سەردەمی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینادا، ڕۆڵێکی دیار و چالاکانەی بینی. هاوڕێ ئازاد لە ماوەی چالاکییەکانیدا چەندین جار لەلایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە بانگهێشت و دەستبەسەر کرا و لە ساڵانی ڕابردوودا سەرەڕای ململانێ لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە، بۆ ماوەیەکی زۆر زیندانی کرا و لە دەستڕاگەیشتن بە دەرمان و ئیمکاناتی پزیشکی بێبەش کرا.

ئازاد لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ و سۆسیالیستی بوو. توفیق خوانچە زر، باوکی لە سەردەمی بزووتنەوەی خۆڕاگری شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان لە دژی نیزامی سەرمایەداری ئیسلامیش لە ڕیزەکانی کومەڵەدا خەباتی کردبوو و تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی بە سۆسیالیزم و یەکسانی ئینسانەکان وەفادار مایەوە.

ڕێوڕەسمی پرسەی هاوڕێ ئازاد بە ئامادەبوونی هەڵسووڕاوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و جەماوەرێکی زۆر لە خەڵکی شاری مەریوان بەڕێوەچوو. خەڵکی مەریوان بە ئامادەبوونی شۆڕشگێڕانەی خۆیان لە زۆربەی بوارەکانی خەباتدا یادی ئازاد دەکەنەوە و یادی هەتاهەتایە زیندوو دەمێنێتەوە و هاوڕێ و دۆستانیشی بە درێژەدان بە ڕێبازەکەی ڕێز لە یادی ئازیزی دەگرن

دەبیرخانەی کۆمەڵە سەرەخۆشی لە سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەی ئەو ئازیزە، هاوڕێیان ودۆستانی، هەروەها خەڵکی مەریوان دەکات و خۆمان بە هاوبەشی خەم و پەژارەی لە دەستدانی ئەو تێکۆشەرە دەزانین.

دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

***

# پێویستیی سیاسی و چینایەتیی پێکهێنانی سندووقەکانی هاوپشتیی کرێکاری

لە کاتێکدا کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی، کە بەناوی "ژینا"وە تۆمار کرا، هەروەک ئاخێزە شۆڕشگێرانەکانی مانگی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ لە جەرگەی پەرەسەندنی هەژاری و نەهامەتی ئابووری و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکاندا هێزێکی تازەی بە بزووتنەوەی مانگرتن و نارەزایەتی بەخشیوە، بەڵام چینی کرێکار بەهۆکاری ئەو بەربەستانەی کە لەسەر ڕێگای خەباتیەتی هێشتا نەیتوانیوە بە مانگرتنی هاوکات، یەکگرتووانە و سەرتاسەری لە دامەزراوە و ناوەندە سەنعەتییە سەرەکییەکان ماشێنی سەرکوتی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران زەمینگیر بکات و پێداویستییەکانی پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئامادە بکات

بێگومان ڕێبەران و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاری لە پێویستی سیاسی و چینایەتی هاتنە مەیدانی یەکگرتووانەی چینی کرێکار لەئاستی سەرتاسەری ئاگادارن. بەڵام سەرکوتی بەرین، هەڕەشەی دەرکردن، هەژاری و بێکاری بێوێنە و نیگەرانی لە ئاکامەکانی مانگرتن لەسەر ژیانی بنەماڵە کرێکارییەکان، پەرەسەندنی شیرکەتە پەیمانکارییەکان و قەراردی کاتی و سپی ئیمزا و نائەمن بوونی پیشە، نەبوونی ڕێکخراوی جەماوەری و چینایەتی کرێکاران، پێکنەهاتنی ئاڵتێرناتیڤێکی بەهێزی سۆسیالیستی کە کرێکاران بۆ سەرکەوتن پێی ئومێدەوار بن، لە زومرەی ئەو بەربەستانەن کە چالاکان و ڕێبەرانی کرێکاری بۆ ڕێکخستنی مانگرتن و هێنانە مەیدانی کرێکاران لەگەڵی بەرەوڕوون. لە حاڵێکدا کە هەژاری و نەهامەتی ئابووری یەکجار بەرینە و هێڵی هەژاری لە سەرووی ٥٠ ملیۆن تمەن لە مانگدایە، تەنانەت بەشێک لە هێزە بورژواییەکانیش بە کەڵک وەرگرتن لەم هەژارییە بێوێنەیە بۆ بەلارێدابردنی بزووتنەوەی کرێکاری داوا لە دەسەڵاتەکانی سەرمایەداریی ئیمپریالیستی دەکەن کە بۆ پشتیوانی لە بنەماڵەی کرێکارانی مانگرتوو سندووقی پشتیوانی پێک بێنن. هەڵبەت ڕێبەرە بەئەزموونەکانی بزووتنەوەی کرێکاری دەزانن کە پلانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی بۆ دروستکردنی سندووقی پشتیوانی بە هاوکاری زلهێزە سەرمایەدارەکان هاوشێوەی لێدانی ژەهر لە جەستەی بزووتنەوەی کرێکارییە و بەدژی ئەم هەوڵانە دەوەستنەوە

سەرەڕای ئەمانە، واقعییەت ئەوەیە کە لە بارودۆخی ئێستادا یەکێک لە بەربەستە جیددییەکانی سەر ڕێگای هەڵسووڕاوان و ڕێبەرانی کرێکاری بۆ سازماندانی مانگرتن، گرانی بەرین و هەژاری و فەلاکەتی ئابوورییە. کاتێک کە کرێکاران لە نارەزایەتی و خەبات دژبەم بارووودۆخە دەست دەدەنە مانگرتن، کێشە و گرفتی ماڵی، وەك ئامرازێکی گوشار، ناچاریان دەکات کۆتایی بە مانگرتنەکەیان بێنن. بنەماڵەی کرێکارانێك کە لەو خەباتەدا دەستبەسەر دەکرێن، دەکەونە بارووودۆخێکی نالەباری ماڵییەوە. سەرجەم ئەم کێشانە کاتێك بەرۆکی کرێکاران دەگرن کە کرێکاران لەگەڵ ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو و لەناکاو بەرەوڕوو دەبنەوە. لەم کاتانەدا و یان لەم ڕۆژانەدا کە بنەماڵە کرێکارییەکان لەگەڵ مەترسی دەرکردن لە کار بەرەوڕوون، پێویستە کرێکاران یارمەتیدەری یەکتر بن و لەوەش گرینگتر، یارمەتیدان لە بواری ماڵییەوە لە ڕێگەی پێکهێنانی سندووقەکانی کرێکارییەوە، ڕێکبخەن

ئەم سندووقە ماڵییانە دەتوانن بە هیمەت و هەوڵ و پەیگیریی کرێکاران پێك بێن، لەلایەن خۆیانەوە بەڕێوە ببردرێت و بەرپرسی ئەم سندووقانە، بە دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی ئەندامان هەڵبژێردرێت و گشت کرێکارانیش بتوانن تێیدا ئەندام بن. ئەم سندووقانە سەربە بەڕێوەبەر و خاوەنکار



و ناوەندە دەوڵەتییەکان نین و پاشکەوتی ئەم سندووقانە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی حەقی ئەندامیەتی ئەندامانەوە دابین دەکرێت. ئەم سندووقانە بەشێوەی ئاسایی و بە نۆرە، بە ئەندامانی خۆیان وام دەدەن و لە کاتی ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو و لەناکاوی وەك نەخۆشی و ڕووداوەکانی شوێنی کار یان دەستبەسەرکران لە جەرەیانی مانگرتنەکان، دەستبەجێ وامی زەرووریيان پێدەدەن. ئەوەیکە وامی زەرووری چ کەسانێك دەگرێتەوە و بڕی ئەو وامە چەندەیە و چۆن بە شێوەی قیستی دەدرێتەوە و شێوازی بەڕێوەبردنی سندووق چۆنە، لە ئەساسنامەی سندووقدا دیاری دەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە

سەندووقی کرێکاری عەلەنی، پێویستە پێداویستی ماڵی ئەندامان، لە چوارچێوەی ئیمکانات و یاساکانی خۆیدا دابین بکات و ئەساسەن هۆکاری سەرەکیی ئەندام بوونی جەماوەری کرێکار لەو سندووقانەشدا، هەر ئەوەیە. جەماوەری کرێکار لە ڕێگەی ئەندامییەتی لەو سندووقانەدا دەتوانن کێشەکانی خۆیان لە ڕێگەی هاوکاری و یارمەتی گەیاندن بە هاوچینەکانیان، چارەسەر بکەن. کرێکاران فێر دەبن کە ئەو کێشانەی کە بەشێوەی تاکەکەسی بۆیان چارەسەر نابێ، دەتوانن بە یەکگرتوویی و هاوپشتی چارەسەری بکەن. پێکهێنانی ئەم سندووقە عەلەنییانە دەتوانێ ببێتە هۆی بەهێز بوونی ڕووحیەی ڕێکخستن لەناو کرێکاراندا و شێوازی دیمۆکراتیکی بەڕێوەبردنی ڕێکخراو فێری کرێکاران دەکات و بێگومان هەمووی ئەوانەش لە گرەوی چالاکی بەردەوامی کرێکارانی پێشڕو و خەباتکاری ئەو سندووقانە دایە. چالاکانی پێشڕەوی بزووتنەوەی کرێکاری پێویستە بە چالاکی خۆیان لەناو ئەندامانی ئەو سندووقانەدا، ڕووحیەی ڕێکخستن، هاوپشتیی چینایەتی و مایە دانان لە بەرژەوەندی تاکەکەسی لەپێناو بەرژەوەندی گشتی، بەهێز بکەن

سەرچاوە ماڵییەکانی ئەم سندووقانە، دەتوانێ و دەبێ ڕاستەوخۆ، لە پێناو یارمەتی گەیاندن بە چارەسەر کردنی کێشەی ماڵی کرێکاران و خزمەت بە خەباتی کرێکاران و بزووتنەوەی چینی کرێکار، بەگشتی بەکار بهێندرێن. بۆ نموونە، یارمەتی بنەماڵەی کرێکارانی بەندکراو، یارمەتی سندووقی مانگرتنی کارخانەی خۆیان و باقی کارخانەکانی دیکە بدەن

بەڵام پێویستە ئاگادار بین کە ڕژیمی ئیسلامی لە بەرامبەر پێکهێنانی ئەم جۆرە سندووقانەدا بەشێوەی جۆراوجۆر بەربەست دروست دەکات. لەو جێگایەدا کە سندووقەکان بە هیمەت و هەوڵی کرێکاران و بەپێچەوانەی ئیرادە و مەیلی ڕژیمی ئیسلامی پێکهاتوون، ڕژیم هەوڵ دەدات تا لە ڕێگەی دەست و پەیوەندەکانی، لە چالاکی ئەو سندووقانە ڕێگری بکات. کەوابوو لە لایەکەوە، نەبوونی وشیاری ئەندامانی ئەم سندووقانە لە پتەو کردنی ئامانجی پێکهێنانیان لە پێناو یارمەتی گەیاندن بە خەباتی چینی کرێکار و لە لایەکی دیکەوە، گوشارەکانی ڕژیمی ئیسلامی بۆسەر سندووقەکان، کۆسپی جیددین لەسەر ڕێگای پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە سندووقە کرێکارییەکاندا. پێویستە بە چالاکی پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری، لەپێناو بردنەسەرەوەی وشیاری ئەندامانی ئەم سندووقانە، بە هەوڵ دان بۆ هێنانە مەیدانی هەرچی زیاتری کرێکاران بۆ ئەندام بوون لەناو ئەم سندووقانە و هەروەها بە جێخستنی سندووقی ماڵی وەك سوننەتێکی پایەدار لەناو چینی کرێکار، ئەم کۆسپ و بەربەستانە چارەسەر بکرێن. لە بارودۆخی ئێستادا و بەلەبەرچاوگرتنی هاوسەنگی هێزی نێوان ڕژیمی ئیسلامی و بزووتنەوەی کرێکاری و هەروەها بە سەرەنجدان بە لێهاتوویی و ئەزموونی ڕێبەران و هەڵسووڕاوان و پێشڕەوانی کرێکاری، لەپێناو پێشخستنی چالاکی ئاشکرادا، ئەو ئیمکانە هەیە کە سندووقەکانی هاوپشتی کرێکاری بەشێوەی عەلەنی پێك بێن و بەسەر ڕژیمدا بسەپێندرێن

❊❊❊

# ئەرکەکانی کۆمەڵە بۆ کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی لە کوردستان

بەو پێیەی توانا و ئەرکی مێژوویی چینی سەرمایەدار و خاوەن سەروەت لە کوردستان و لە ئاکامدا حزب و هێزە ناسیۆنالیستەکان، بۆ دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگا و نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی لەمێژە کۆتایی هاتووە. هەروەک ئەزموونی هەتا ئێستا نیشانی داوە، دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگا و ریشەکێش کردنی هەڵاواردن و نابەرابەرییەکان لەوانە کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی، زیاتر لە هەموو کاتێکی تر لە گرەوی خەباتی چینی کرێکار، بەرەی کار و زەحمەت و ئەو سۆسیالیستانەدایە کە لەسەر بەستێنی خەباتی ئەم چینە لەدژی نیزامی سەرمایەداری هەوڵ و چالاکییەکانیان درێژە دەدەن. چینی کرێکار لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ناچارە بۆ باشترکردنی بارودۆخی کار و ژیانی خۆی خەبات بکات. لە جەریانی خەباتدا بە ئەزموون بۆی دەردەکەوێ کە بۆ پێشخستنی کاریگەرتری ئەم خەباتە دەبێ لە رێکخراوەی چینایەتی و جەماوەریی خۆیدا رێکخراو بێت. بۆ پێکهێنانی ئەم رێکخراوانە پێویستی بە ئازادی سیاسی و فەزای دیموکراتیکە. واتە لە عالەمی واقعدا، خەباتی کرێکار بۆ باشترکردنی کار و بارودۆخی ژیان و ئاستی مەعیشەتی، بە خەبات بۆ مسۆگەرکردنی ئازادی سیاسی و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگاوە گرێی خواردووە. واتە خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا بووەتە بەشێک لە مەوجوودییەت و پێویستیی چینی کرێکار

بەو پێیەی کە زۆرترین دووکەڵی ستەمی نەتەوەیی دەچێتە چاوی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی ستەملێکراو، وە بەو پێیەی ئەم ستەمگەرییە بەربەستێکی گەورەیە لەسەر رێگای یەکگرتوویی و هاوپشتی کرێکاران لە کوردستان و هاوچینەکانیان لە باقی شوێنەکانی ئێران، چینی کرێکار خوازیاری ئەوەیە کە ئەم ستەمگەرییە بەشێوەی دیموکراتیک چارەسەر بکرێت. لەم رووەوە، بە هەر ئەندازەیەک کە دووکەڵی ستەمی نەتەوەیی بچێتە چاوی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگاوە، بەڵام کرێکارانی هوشیاری کوردستان تەنیا بۆ خواستی چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەیی نەهاتوونەتە مەیدانی خەباتەوە. بەڵکوو خەبات بۆ نەمانی ستەمی نەتەوەیی لەگەڵ خەبات دژبە ستەمی چینایەتی و خەبات بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران پێگەوە پەیوەند دەدەن و بەشوێن یەکگرتوویی و هاوپشتی چینایەتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوەکان لەئاستی سەرتاسەریدان

کۆمەڵە لە کوردستانی ئێران بە پشت بەستن بە ستراتێژی سۆسیالیستی، کە هێنانە مەیدان و رێکخستنی چینی کرێکار لە دەوری بەرژەوەندی چینایەتی ئامانجی سەرەکیەتی، توانیویەتی لێبراوانە هەوڵی حیزبە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستان بۆ گۆڕینی بزووتنەوەی مافخوازی خەڵکی کوردستان بە حەرەکەتێکی رێفۆرمخوازی حکوومەتی، بەرپەرچ بداتەوە. کۆمەڵە بە پشت بەستن بەم ستراتێژییە سۆسیالیستییە توانیویەتی سیاسەتی ئەحزابی ناسیۆنالیست بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ ئەحزابی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازیی نیولیبراڵی لایەنگری رۆژاوا و سەڵتەنەتخوازەکان و پشت بەستنیان بە دەخاڵەتی ئەمریکا و ئیسرائیل و دەسەڵاتە کۆنەپەرستەکانی سەرمایەداری و ئامادەییان بۆ سات و سەودا کردن لەسەر بەرژەوەندی جەماوەری کوردستان لە بەرامبەر بەدەستهێنانی ئیمتیازاتێکی بێ بایەخ، بخاتە ژێر پرسیارەوە

- لەم رووەوە کۆمەڵە وەک رەوتێکی کۆمۆنیستی و یەکێک لە ستوونەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان هەروا لێبڕوانە و بە روونی، بنبەست و بێتوانایی ئەحزاب و هێزە ناسیۆنالیستەکان بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی کە ریشەی لە ئاڵوگۆڕە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندایە بۆ کرێکاران





و زەحمەتکێشان و خەڵکی کوردستان شیدەکاتەوە. ئیدیعای ئەحزابی ناسیۆنالیست بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی راستگۆیانە نییە و لە پشت قسەکانیان ، بەرژەوەندی ئابووری و بەشخوازیی لە دەسەڵاتی سیاسی لەسەرووی ئیرادەی جەماوەر شاراوەیە

- کۆمەڵە بەردەوام لەسەر ئەو واقعییەتە پێداگری دەکات کە هێزی بزوێنەری هەر ئاڵوگۆڕێکی دیموکراتیک لە کۆمەڵگا و لەوانە کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوەیی لەسەر شانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ئینسانە چەپ و رادیکاڵ و ئازادیخوازەکانە کە بەشێوەی عەینی لە ریزی خەباتی ئەم چینەدان. کۆمەڵە لە هەمان کاتدا هاوپەیمانی و یەکگرتوویی خەباتکارانەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرتاسەری ئێران بە ئاسانترین و کەم دەردی سەرترین رێگا بۆ کۆتاییهێنانی ستەمی نەتەوەیی و وەدیهێنانی ئامانج و داخوازی رەوای خەڵکی کوردستان دەزانێت

- کۆمەڵە بەلەبەرچاوگرتنی سرووشتی چینایەتی و کۆنەپەرستانەی دەسەڵاتە ئیمپریالیست و سەرمایەدارییەکانی جیهان و ناوچەکە و دەستوەردانیان لە ناوەندەکانی قەیرانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆڵێک کە لە وێرانی شارەکان، کوشتار و ئاوارە و بێ سەرپەنا کردنی خەڵکی ستەمدیدەی ئەم ناوچەیە هەیانبووە، هەرجۆرە ئومێد بەستن و دەست بە داوێن بوونی ئەحزاب و لایەنە ناسیۆنالیست و ئیسلامییەکان بە دەخاڵەتی ئەمریکا و ئیسرائیل وە باقی دەسەڵاتە کۆنەپەرستە سەرمایەدارییەکان وە چوونە ناو هاوپەیمانی سیاسی لەم راستایەدا، بەدژی بەرژەوەند و قازانجی خەڵکی کوردستان دەزانێ و بۆ رێگری لە ئاکامە زیانبارەکانی لەسەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کوردستان، چالاکانە و بەرپرسانە تێدەکۆشێت

- کۆمەڵە وەک رەوتێکی ئەنترناسیۆنالیست، لە بزووتنەوەی کرێکاری، سۆسیالیستی و ئازادیخوازی لە سەرتاسەری جیهان پشتیوانی دەکات و پشتیوانی جیددی لە خەباتی جەماوەر لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و رزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی بە ئەرکی خۆی دەزانێ

- کۆمەڵە هاوکات لەگەڵ تەئکید لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان، لەسەر دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵکی کوردستان پێداگری دەکات. تەنیا بە بەشداری کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەموو تاکەکانی خەڵکی کوردستان لە ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی کۆمەڵگادایە کە پرسی نەتەوایەتی بەشێوەی دیموکراتیک و لەراستای بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان چارەسەر دەبێت و کۆتایی بە ستەمی نەتەوایەتی دێت

- کۆمەڵە وێڕای تەئکید لەسەر هاوپشتی و هاوچارەنووسی خەڵکی کوردستان لەگەڵ خەڵکی سەرتاسەری ئێران لە خەبات دژبە رژیمی کۆماری ئیسلامی، هەروا لێبڕوانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو یاسا و ئەو ناوەندانەی کە پارێزەری ستەمی نەتەوایەتین تێدەکۆشێت. وە بۆ دابین کردنی هەلومەرجێکی ئازاد و دیموکراتیک کە خەڵکی کوردستان بتوانن ئازادانە سەبارەت بە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان بە واتای ئازادی جیابوونەوە لە ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بریار بدەن، بە ئەرکی خۆی دەزانێت. ئەگەر سەرەڕای دابین کردنی بەکردەوە و راستەقینەی بارودۆخ و پێداویستییەکانی سەرەوە، خەڵکی کوردستان ئازادانە بریار بدەن کە لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا دەمێننەوە، لەو حاڵەتەدا مافی بەرابەری خەڵکی کوردستان لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئیداری کۆمەڵگا دەبێ دابین و زەمانەت بکرێت

***

# جیهان لە قۆناغی وەرچەرخاندایە

جیهانی سەرمایەداری لەگەڵ یەکێک لە قووڵترین قەیرانەکانی تەمەنی خۆیدا ڕووبەڕووە. ئەو نەزمە نێونەتەوەییەی دوای جەنگی دووەمی جیهانی بە هەژمۆنی ئەمریکا شکڵی گرتبوو، لەناو دڵی قەیرانێکی سەرمایەداریدا—کە خۆی لە پەرەسەندن و جیهانگیربوونی قەیرانی ئابووری، سروشتی مفتەخۆری سەرمایەی دارایی، شکستی سەرمایەداری دەوڵەتی و بنبەستی جیهانگیریی نیولیبراڵیدا نیشاندابوو—گەیشتووەتە کۆتاییی ڕێگا. ئەم سیستەمە، کە لەسەر پایەکانی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان، بانکی جیهانی، سندوقی نێودەوڵەتیی دراو، هەژموونی ئەمریکا وەک هێزی باڵادەستی ئابووری و سەربازی، و داڕشتنی چوارچێوە یاساییەکان لە دەوری چەمکگەلێکی وەک "سەروەری نیشتمانی" بۆ ڕێگرتن لە جەنگی گەورە و ڕێکخستنی کێبڕکێی زلهێزەکان بنیات نرابوو، بەتەواوی داڕماوە. چونکە نەزمی دوای جەنگی جیهانی دووەم، ڕەنگدانەوەی هاوسەنگی هێز لە نێوان بلۆکەکانی سەرمایەداری لە ساڵی ١٩٤٥بوو و دواتریش هاوسەنگی هێز لە جیهانی دووجەمسەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە سەردەمی جەنگی سارددا، نەک ڕەنگدانەوەی واقعییەتی سەردەمی ئێستا کە تێیدا سەرهەڵدانی چین و نەخشە ستراتیژییەکانی، شانبەشانی هاتنەمەیدانی بلۆکەکانی دیکەی هێز، هاوکێشەکەیان بەتەواوی گۆڕیوە.

ئەم داڕمانەی نەزمی جیهانی، بە ڕوونی خۆی لە بێبایەخبوونی ئەنجومەنی ئاسایش و پەککەوتنی لە ئاست قەیرانەکانی وەک سووریا، ئۆکراین و غەززە و ڤێنێزوێلا دەنوێنێت. هەروەها لە لاوازبوونی شەرعیەتی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و پشتگوێخستنی بڕیارەکانی دادگای نێودەوڵەتی داد یان ئەنجومەنی مافی مرۆڤ سەبارەت بە جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە، لە کزبوونی هەژموونی ئەمریکا، گەشە و سەرهەڵدانی بەهێزی چین، گەڕانەوەی ڕووسیا، بەهێزبوونی ئەکتەرە ناوچەییەکان، لە کۆتاییهاتنی سیستەمی تاکجەمسەری، بە بنبەست گەیشتنی جیهانگیریی نیولیبراڵی و لە هەڵگیرسانی جەنگی تەعرەفەکاندا دەبینرێت. لە جەرگەی ئەم داڕمانەدا، چەمکەکانی وەک دیموکراسی و مافی مرۆڤ و خەبات دژی تیرۆریزم لە کردەوەدا بوونەتە تەنها چەکێک بۆ مەشرووعییەتدان بە شەڕە ئیمپریالیستییەکان و پەردەیەک بۆ داپۆشینی بەدیلە بۆرژواییە ساختەکان لە وڵاتە قەیرانلێدراوەکاندا.

بەردەوامی ئەم قەیرانە ئابوورییە و ئیفلیجبوونی نەزمی نێودەوڵەتی، قەیرانی ژیۆپۆلیتیکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمریکای لاتین، ئەفریقا و گۆشە و کەنارەکانی جیهاندا قووڵتر کردووەتەوە. چونکە نەزمی کۆنی ئیمپریالیستی لە کردەوەدا لەکارکەوتووە و نەزمێکی نوێش هێشتا لەدایک نەبووە، جیهان هێشتا لە پرۆسەیەکی گواستنەوەدایە بەرەو جێگیربوونی جیهانێکی فرەجەمسەر دەڕوات. لە ئەنجامدا، شایەدی بشێوی ناوچەیی، شەڕی نیابەتی، کێبڕکێی توندی بلۆکەکان و قەیرانی شەرعیەتی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانین. لەسەر بەستێنی داڕمانی نەزمی جیهانیی دوای جەنگی جیهانی دووەم، کە جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە بە پشتیوانی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی، دوا بزماری لە تابووتەکەی دا، جیهان ڕووبەڕووی سەرهەڵدانی شەپۆلێکی نیۆفاشیزم لە کۆشکی سپیی ئەمریکادا بووەتەوە. ئیدارەی ترەمپ ماسکی لیبراڵیزمی بەیەکجاری فڕێ داوە و بە ئاشکرا پشتیوانی لە ڕاستڕەوە توندڕەوەکانی جیهان و نیۆفاشیستەکان دەکات بەپێچەوانەی دەیەی ١٩٣٠ کە ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لە دژی فاشیزمی هیتلەر لە ئاڵمان وەستایەوە، ئەمڕۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان بە پشتیوانی بێ ئەملاوئەولای لە دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل و کۆمەڵکوژییەکەی لە غەززە و درێژەدان بە داگیرکردنی غەززە بە نوێنەرایەتی نەتانیاهۆ، سەرکردایەتی و پشتیوانی ڕەوتە نیۆفاشیستییەکانی لە سەرانسەری جیهاندا گرتووەتە ئەستۆ. ئەم دۆخە ئاکامی بەرینی لە بوارەکانی سیاسی، ئایدیۆلۆژی و ژینگەییدا لێکەوتووەتەوە.

ئێستا بە شێوەیەکی بابەتییانە جیهان بووەتە فرەجەمسەر. دەسەڵاتەکانی وەک چین، ئەمریکا، ڕووسیا، هیند، ئەورووپا و ئەکتەرە ناوچەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمریکای لاتین و ئەفریقا لە کێبڕکێدان. ئەم دەسەڵاتانە لە ڕێگەی ئەو بلۆکانەی کە پێکیان هێناوە، بۆ گێڕانی ڕۆڵی زیاتر لە پێناسەکردنەوەی سیستەمی جیهانیدا درێژە بە کێبڕکێی خۆیان دەدەن. هێشتا هاوسەنگی هێز و سنوورەکانی ناوچەی نفوزی نێوان ئەم هێز و بلۆکانە جێگیر نەبووە، هێشتا سیستەمێکی نوێ لەدایک نەبووە و هەر ئەم ناجێگیرییە، سروشتی ڕاگوزەربوونی ئەم قۆناغە دەردەخات، قۆناغێک کە تێیدا دێوەزمەکانی وەک ترەمپ و نەتانیاهۆ سەریان هەڵداوە. ئەوەیکە لەئێستادا ئاشکرا و ڕوونە ئەوەیە کە بلۆکە سیاسی و ئابوورییەکانی وەک "بریکس"، "ڕێکخراوی هاریکاریی شانگهای"، "یەکێتیی ئەورووپا"، "جی ٧" و "جی ٢٠" درێژە بە مانەوەی خۆیان دەدەن، بەڵام هاوسەنگی هێز لە نێوانیاندا لە گۆڕاندایە. لەم کێبڕکێیانەدا، "بریکس" بە ڕابەرایەتی چین و بە پرۆژەی "پشتێن و ڕێگا"وە، گرنگییەکی زیاتر لە داڕشتن و پێناسەکردنەوەی سیستەمی جیهانیدا بەدەست دەهێنێت.

لە نێو ئەم بلۆکبەندی و کێبڕکێیانەدا و لەم قۆناغە گوزارەدا هێشتا ڕوون نییە کە ئایا جیهانی فرەجەمسەر دەتوانێت جێگیر بێت، یان جیهان بەرەو پێکهاتەیەکی پشێوی هەنگاو دەنێت، واتە بەردەوامبوونی بێتوانایی لە کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکانی کەشوهەوا، کۆچ، وزە و تەکنەلۆژی و چڕبوونەوەی ململانێ ناوچەییەکان. بەڵام جیهانی سەرمایەداری بەرەو هەر لایەک بڕوات، ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە بۆشایی نێوان هەژاری و دەوڵەمەندی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قووڵتر دەبێتەوە و هەژاری و نایەکسانی بە ڕادەیەکی بێوێنە پەرەدەستێنێت. بێگومان لەژێر ئەم بارودۆخەدا، مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان و بزووتنەوە جەماوەرییەکان دژی ئەم هەژاری و نایەکسانییە و دەستدرێژی دەوڵەتەکان بۆ سەر کار و ژیان و گوزەرانی کرێکاران، دژی دەستبردن بۆ ئازادییە سیاسییەکان و کوشتار و کۆمەڵکوژی و لەناوچوونی ژینگە لە سەرانسەری جیهاندا پەرە دەستێنێت. بزووتنەوەی سۆسیالیستی و ئینتەرناسیۆنالیستی چینی کرێکار لەم قۆناغە مێژووییەدا و لەسەر بنەمای گەشەی خەباتی کرێکاری و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان، ئەم دەرفەتەی لەبەردەمدایە کە لە دۆخی بەرگریی بێتە دەرەوە، ڕێبازێکی هێرشبەرانە بگرێتە بەر و ببێتە جەمسەرێکی سیاسی بەهێز. پێکهێنانی حیزبە کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان، کە بتوانن خەباتە هەنووکەییەکانی کرێکاران دژی دەستدرێژی سەرمایە و بۆ باشترکردنی هەلومەرجی کار و ژیانیان، لەگەڵ ستراتیژی شۆڕشی کرێکاری و سۆسیالیستیدا تێکەڵ بکەن و بزووتنەوەکانی مانگرتن و ناڕەزایەتی لە کۆمەڵگەدا بگۆڕن بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی بەهێز، دژی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان، یەکێکە لە پێشمەرجەکانی پێشڕەویی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی چینی کرێکار لەم قۆناغەدا.

***



# ئاسۆی تاریک و لێڵی سووریە لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەلشەرعدا

لە کاتێکدا ساڵێک بەسەر ڕووخانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەشار ئەسەد لە سووریە تێپەڕ دەبێت، چارەنووس و داهاتووی خەڵک لە سەرجەم ناوچەکانی ئەم وڵاتەدا، لە کوردستانەوە بگرە تا ناوچە لێوارەئاوەکانی ڕۆژئاوا و باشووری سووریە و دەڤەری دێرەزوور و تەنانەت دیمەشق و حەڵەبیش لە ناوەندی وڵات، هەروا نائەمن، جەنگی، ناسەقامگیر و پڕ لە ئاڵۆزییە. داموەزگاکانی حکوومەت کاراییەکی ئەوتۆیان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا نییە. ئەو حکوومەتەی کە لەلایەن ئەمریکا و تورکیاوە هاتووەتە سەر کار و دەسەڵاتی بە „ئەلشەرع“ سپاردووە، هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی دارایی و بەرنامەیەکی ئابووری بۆ باشترکردنی دۆخی کار و ژیانی کرێکاران و جەماوەری خەڵکی هەژار و بەش مەینەت نەخستووەتە ڕوو. نزیکەی ٩٠%ی خەڵکی سووریە لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و ڕێژەی بێکاریش بە دانپێدانانی وەزیری ئابووری و پیشەسازیی دەوڵەتەکەی ئەلشەرع، گوایە بە کەمێک باشبوونەوەوە دابەزیوە بۆ نزیکەی ٦٠%. سێزدە ساڵ جەنگی جنایەتکارانەی دەوڵەتی بەشار ئەسەد، ڕووسیە و کۆماری ئیسلامی، وێڕای کوشتاری زیاتر لە ٦٠٠ هەزار کەس و ئاوارەبوونی ملیۆنان مرۆڤ، ژێرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای سووریەی بەتەواوی وێران کردووە.

لە وەها هەلومەرجێکدا، زلهێزە سەرمایەدارییەکانی ئەمریکا و ڕووسیە شانبەشانی دەوڵەتانی ناوچەکە لەوانە تورکیا، ئیسرائیل، کۆماری ئیسلامی و هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی، لە درێژەی کێبڕکێ ناوچەییەکانیاندا، هەوڵی بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی خۆیان لە سووریە دەدەن. لە لایەکەوە کۆماری ئیسلامی بە یارمەتی پاشماوەکانی ڕژیمی ئەسەد لە ناوچە لێوارەئاوییەکان و پارێزگاکانی لازقیە، تەرتووس و بانیاس و لەنێو عەلەوییەکاندا دەیهەوێت نارەزایەتی جەماوەری خەڵک دژی دۆخی مەوجوود بە لاڕێدا بەرێت و دژی حکوومەتی ئەلشەرع ئۆپەراسیۆنی سەربازی وەڕێ بخات. لە لایەکی دیکەوە ئیسرائیل لە باشووری سووریە لە پارێزگاکانی دەرعا، سوەیدا و قونەیتەرە لەژێر ناوی پاراستنی دروزەکان، بە بۆمبارانی بەردەوام و داگیرکردنی بەشگەلێکی دیکە لە خاکی سووریە، ئامانجی پاوانخوازانە و فاشیستی خۆی دەباتە پێشەوە. هەڵبەت لە بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی سووریە واتە لە پارێزگای دێرەزووریش، گرووپی چەکداری ئیسلامی و جنایەتکاری داعش، دەست دەداتە هێرشکردن بۆ سەر سەربازانی سووریە و هێزەکانی سووریەی دیموکراتیک.

بەپێی ڕاپۆرتی نیویۆرک تایمز، ئەولەویەتی نۆژەنکردنەوەی ئەرتەش و دەزگا ئەمنییەکانی دەوڵەتی ئەلشەرع لە دیاریکردن و دامەزراندنی فەرمانده و بەرپرساندا، مۆرەکانی گرووپی ئیسلامی تەحریروشامە کە ئەحمەد ئەلشەرع ڕێبەرییەکەی بە ئەستۆوە بووە. ئەوان ئەزموون و مەشقێکیان لە فەرماندەیی ئەرتەشی ڕێکخراودا نییە و دەوڵەت لە خولەکانی مەشقی سەربازیشدا زیاتر جەختی لەسەر پرسە مەزهەبییەکان و خوێندنی قورئان کردووەتەوە. یەکێک لە بەرپرسانی وەزارەتی بەرگری سووریە دان بەوەدا دەنێت کە حکوومەت هێشتا بڕیاری نەداوە سەبارەت بە بەشداریکردنی توێژەکانی دیکە و کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە ڕیزەکانی فەرماندەیی ئەرتەش و هێزە ئەمنییەکاندا. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە لە ڕەوتی هێرشی ئەواندا بۆ سەر عەلەوییەکان سێ مانگ دوای گەیشتن بە دەسەڵات، بە کوشتاری وەحشیانەی سەدان هاووڵاتی مەدەنیی عەلەوی و تاڵانکردنی ماڵ و حاڵی خەڵک، جنایەتی زۆر بخوڵقێنن. ئەوان لەدژی دروزەکانیش شەڕ و کوشتاریان وەڕێ خستووە. بێگومان ئەگەر حکوومەتی دەستنیشانکراو و داردەستی تورکیا و ئەمریکا لە سووریە لە دەسەڵاتی سەربازی پێویست بەهرەمەند بوایە، هەمان جنایەتی لە ئاستێکی بەربڵاوتردا لە کوردستانی سووریەش ئەنجام دەدا.

کێشە و گرفتەکانی سووریە تەنیا دژایەتیکردنی دەوڵەتی ئەلشەرع لەگەڵ کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان نییە. بەڵکوو کێبڕکێ و دەستێوەردانی نێوان دەوڵەتانی خاوەن بەرژەوەندی لە سووریە، لەوانە تورکیا، ڕووسیە، ئیسرائیل و ئەمریکا و هەندێک لە دەوڵەتانی عەرەبی و کۆماری ئیسلامیش، مەترسییەکی جیدی بۆ سەر کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی سووریە دێنە ئەژمار و تەنانەت ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی وێرانکەری دیکەش لە سووریە بوونی هەیە. لە ناوچەکانی باشووری سووریە کە هاوسەنگی هێز بە قازانجی ئیسرائیل گۆڕاوە، تورکیا هەوڵ دەدات بە شەڕەنگێزی لە نێوان هێزەکانی ئەوێ، ئەم هاوسەنگی هێزە بە قازانجی خۆی تێک بدات. لەم پەیوەندییەدا سەرچاوە ئاگادارەکان ڕاپۆرتگەلێکیان سەبارەت بە پێشنیاری دەوڵەتی تورکیا بە ئەحمەد ئەلشەرع بڵاو کردووەتەوە کە تێیدا داوای تیرۆرکردنی یەکێک لە فەرماندەکانی سوپای سووریە بە ناوی ئەحمەد ئەلعەودە لە باشوور دەکات. ناوبراو چەندین ساڵ لەمەوبەر لە باشووری سووریە گرووپێکی چەکداری گەورەی ڕێکخستبوو و لە ساڵی ٢٠١٨دا هاوکاری ڕووسیەی کردبوو. ئەلعەودە ئێستا فەرماندەی لەشکری هەشتی سوپای سووریەیە و لەنێو خەڵکدا خاوەن نفوزە و خوازیاری پاراستنی سەربەخۆیی هێزە سەربازییەکەی خۆیەتی. گۆیا ناوبراو هێشتا لەلایەن ڕووسیەوە پشتیوانی لێ دەکرێت و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە هەماهەنگی لە نێوان ڕووسیە و ئیسرائیل لە باشووری سووریە زیاتر بێت.

لەو نێوەندەدا دۆخی کوردستانی سووریەش هێشتا نادیارە. ڕێککەوتنی ٨ خاڵی ٢٠ی ڕەشەمەمەی ساڵی ڕابردوو لە نێوان ئەحمەد ئەلشەرع و مەزلووم عەبدی، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی بەندەکانی لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتدا بوو، بەڵام بەهۆی ئاژاوەگێڕی تورکیاوە، هێشتا جێبەجێ نەکراوە. بەدوای سەفەری ئەلشەرع بۆ ئەمریکا و دیدار لەگەڵ ترامپ لە مانگی ڕابردوودا، دانوستانەکانی نێوان دەوڵەت و هێزەکانی سووریەی دیموکراتیک (هەسەدە) ڕاگیراوە. هەڕەشە و پڕوپاگەندەی میدیاکانی سووریە، تورکیا و هەندێک لە دەوڵەتانی عەرەبی دژی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی „ڕۆژئاوا“ بە پاساوی جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکە و هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی „هەسەدە“ و تێکەڵکردنیان لەگەڵ ئەرتەشی سووریە، لە ماوەی دوو حەفتەی ڕابردوودا پەرەی سەندووە و نیگەرانییەکان لە هەڵگیرسانی شەڕ لە کوردستانی سووریە زیاتر بووە. دەوڵەتی تورکیا، ئەحمەد ئەلشەرع و نوێنەری ئەمریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دژایەتی خۆیان لەگەڵ پێکهێنانی هەر چەشنە دەسەڵاتێک لەسەر بنەمای فیدراڵیزم، خۆبەڕێوەبەری و بەشداریکردنی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە سووریە ڕاگەیاندووە. ڕۆژی یەکشەممە ٢٣ی سەرماوەز، غەریب حەسۆ، هاوسەرۆکی پەیەدە، تورکیای بە هۆکاری جێبەجێنەبوونی ڕێککەوتنەکەی شەرع و مەزلووم عەبدی لە قەڵەم دا. ناوبراو ڕەخنەی لە دەستێوەردانی ئاشکرای ئەو دەوڵەتە گرت و ڕایگەیاند سەرەڕای زەمانەتی ئەمریکا و فەرانسە و بریتانیا، هێشتا تورکیا ڕێگرە و سیاسەتەکانی لە سووریە جێگای نیگەرانین.

لە وەها هەلومەرجێکدا بێگومان دەوڵەتی ئیسلامی تەحریروشام توانای وەڵامدانەوەی داخوازی و ویستە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کرێکاران و جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێشی سووریەی نابێت، کە زیاتر لە ٥٠ ساڵ لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری بنەماڵەی ئەسەد و لەناو هەژاری، برسیەتی، جەنگ و ئاوارەییدا ژیانیان بەسەر بردووە. ئەوان نایانەوێت جارێکی دیکە بچنە ژێر سایەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ئیسلامییەوە. بۆیە حکوومەتی ئیسلامی شام ڕووبەڕووی بەرخودان و نارەزایەتییەکانی کرێکاران و خەڵکی نەداری سووریە دەبێتەوە کە نزیکەی ٩٠%یان لەژێر هێڵی هەژاریدان و ١٤ ساڵ لەمەوبەر بە درووشمی ئازادی و یەکسانی دژی دەوڵەتی بەشار ئەسەد هاتنە سەر شەقامەکان. وەها دۆخێک لە سەرجەم هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە و هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان و ڕووناکبیران و لاوانی شۆڕشگێڕ دەخوازێت کە یارمەتیدان بە ڕێکخستنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و یەکخستنیان لە دەوری پلاتفۆرمێکی ئازادیخوازانە و بەرابەریتەڵەبانە، لە سەرووی ئەرکەکانی خۆیانەوە دابنێن.

***



# با خەباتی ئابووریی کرێکاران بکەینە بەستێنێک بۆ ڕێکخستن

پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران لە ناوەندە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان، کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی خانەنشینان و هەڵمەتی ناڕەزایەتی مامۆستایان و پەرستاران لە دەوری داخوازییە ئابوورییەکان، نیشانەیەکی ئاشکرایە لە قوڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و پەلاماری بەردەوامی خاوەن پیشەسازییەکان و دەوڵەت بۆ سەر ژیان و بژێویی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش. ئەم ناڕەزایەتییانە دەرخەری ئەو ناکۆکی و ناتەباییانەن کە لە ناخی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و پێکهاتەی دەسەڵاتدا کەڵەکە بوون. بەم حاڵەوە، ئەم قەبارەیە لە مانگرتن و جووڵەی ناڕەزایەتی، هەرچەندە کەشوهەوای سیاسی کۆمەڵگای خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، بەڵام نەیتوانیوە هاوسەنگی هێز بە شێوەیەکی پایەدار بگۆڕێت. ئەم مانگرتن و ناڕەزایەتی و هەڵچوونە بەردەوامانەی تووڕەیی کۆمەڵایەتی، ئەگەرچی دەریدەخەن کە کۆمەڵگە بە سەرکوتگەرییەکانی کۆماری ئیسلامی چاوترسێن نەبووە، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە ماشێنی سەرکوت پەک بخات و ستراتیژی سەرکوتکردنی کۆماری ئیسلامی پاشەکشە پێ بکات. ئەم دۆخە ڕەنگدانەوەی قۆناغی ئێستای خەباتی کرێکاری و جەماوەری و ئاستی ئێستای ڕێکخستنی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و نەبوونی ڕێبەرییەکی سەرانسەرییە بە ئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانەوە. بەبێ دەستەبەرکردنی ئەم پێداویستییانە، پێشڕەویی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە هەروا بە خاوی درێژەی دەبێت

خەباتی ئابووری، سەرەتاییترین و زەروریترین شێوازی بەرەنگاریی چینی کرێکارە لە بەرانبەر چەوساندنەوەی چینی سەرمایەداردا. داخوازیی بەرزکردنەوەی حەقدەست، ئەمنییەتی پیشە، بیمە کۆمەڵایەتییەکان و هەلومەرجی ئینسانی کار، کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆیە بەرامبەر بە داگیر کردنی بەهای زیادە و تێکدانی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی هێزی کار. سەرمایە نەک تەنیا هێزی کار لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا دەچەوسێنێتەوە، بەڵکوو ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو هێزەش ناسەقامگیر دەکات؛ جەستە و دەروونی کرێکاران دەشواتەوە و پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانیان لاواز دەکات. خەباتی ئابووری کرێکاران و مانگرتنەکان، گرنگترین میکانیزمە بۆ بردنەسەرەوەی ئاستی وشیاری چینایەتی و تێگەیشتن لە زەرووەرەتی سازماندان و ڕێکخستن. هەر بۆیە ئەگەرچی سەرکەوتن لە هەر تاکە خەباتێکی کرێکاراندا بۆ دەستەبەرکردنی داخوازییەکانیان گرنگە، بەڵام نابێت گرنگی مانگرتنی کرێکاران تەنیا بە دەسکەوتی خەباتێکی دیاریکراو سنووردار بکرێت. چونکە مانگرتن تەنها چەکێکی بەهێز نییە لە نەبەردی چینایەتیدا، بەڵکوو بە هیمەتی هەڵسووڕاوانی سۆسیالیست دەبێتە قوتابخانە؛ ئەو قوتابخانەیەی کە تێیدا کرێکاران وانەی هۆشیاری فێر دەبن و لە پێویستی ڕێکخستنی ڕیزەکانیان تێدەگەن

لە تەنیشت هۆکاری سەرکوت و هەژاری پێکهاتەیی، یەکێک لە بەربەستە سەرەکییەکانی بەردەم یەکگرتوویی و سەرانسەریبوونی خەباتی کرێکاران، پەرەسەندنی بەربڵاوی شیرکەتە پەیمانکارییەکان، پەرەسەندنی گرێبەستە کاتی وسپی ئیمزاکانە. زۆربوونی شیرکەتە پەیمانکارییەکان و باوبوونی کاری نافەرمی و کاتی، کرێکارانی خستووەتە دۆخێکی بەردەوام نائەمن و توانای بەرنامەڕێژی و درێژەدان بە خەباتی بەکۆمەڵی کەم کردووەتەوە. لەم وەهاهەلومەرجێکدا، ئاسۆی خەبات بۆ ئاستی مانەوە و بژێویی ڕۆژانە دادەبەزێت و



چالاکی سیاسی درێژخایەن تێچوو و مەترسی زۆر دەبێت. سیستەمی پەیمانکاری بە دروستکردنی توێژی نێوەندگیر(یان واست)، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی کرێکار لەگەڵ سەرمایەی دەسەڵاتدار دەشارێتەوە. تووڕەیی کۆمەڵایەتی لە جیاتی ئەوەی پێکهاتەی دەسەڵات بکاتە ئامانج، ڕوو لە بەڕێوەبەرانی ناوەندی یان خاوەنکارە وردەکان دەکات. بەم جۆرە، خەباتی کرێکاران بۆ ئاستێکی ناوچەیی و پەرتەوازە دادەبەزێت و ئەگەری شکڵگرتنی وشیاری چینایەتی لاواز دەبێت

لە لایەکی دیکەوە، لە نەبوونی ڕێکخراوە چینایەتی و جەماوەرییە سەربەخۆکان لە دەوڵەت، هەر شەپۆلێکی ناڕەزایەتی ناچارە لە خاڵی سفرەوە دەست پێ بکات. ئەزموونەکان ناگوازرێنەوە، شکستەکان شیکارییان بۆ ناکرێت و دەستکەوتەکان جێگیر نابن. نەبوونی بیری بەکۆمەڵ، ئاکامی ڕاستەوخۆی سەرکوتکردنی هەوڵی چالاکانی کرێکارییە بۆ ڕێکخستنی چینایەتی. لە دۆخێکی وەهادا، ناڕەزایەتییەکان لەجیاتی ئەوەی ببنە پرۆسەیەکی ڕوو لە گەشە، دەبنە تەقینەوەی کاتی. وزەی کۆمەڵایەتی ئازاد دەبێت، بەڵام بە خێرایی دادەمرکێت، بێ ئەوەی ببێتە هۆی گۆڕینی هاوسەنگی هێز لە نێوان کرێکاران و خاوەنکاران لە نەبەردی داهاتوودا. ئەم چەرخە فەرسایشییە، هەم توانای ماددی و هەم متمانە بەخۆبوونی سیاسی چینی کرێکار لاواز دەکات

پێکهاتەی سیاسی دەسەڵاتدار لەم پەیوەندییانەدا، نە دامەزراوەیەکی بێلایەن، بەڵکوو فۆرمی سیاسی و هێزی جێبەجێکاری چینی سەرمایەدارە. ئەرکی ئەو، ڕێکخستنی ناکۆکییەکانە بە شێوەیەک کە کەڵەکەبوونی سەرمایە تووشی کێشە نەبێت. ئیمتیاز پێدانی سنووردار، بەڵێنی چاکسازی، دووبەرەکی خستنە ناو کرێکاران، دەستێوەردانی هێزە ئەمنییەکان و دۆسیەسازی بۆ هەڵسووڕاوانی کرێکاری، ئامرازی تەواوکەرن بۆ کۆنترۆڵکردنی ناڕەزایەتییەکان. ئامانج، نە چارەسەرکردنی قەیرانی بژێویی کرێکاران، بەڵکوو گەڕاندنەوەی نەزمە بۆ سووڕی چەوساندنەوە. خەباتی ئابووریی کرێکاران ئەگەر ئاسۆیەکی ڕوونی نەبێت، بە ئاسانی ناتوانێت پێشڕەویی خۆی مسۆگەر بکات. خەباتی کرێکاران بۆ زیادکردنی کرێ و داخوازییە ئابوورییەکانی دیکە، ئەگەر نەبێتە بەستەرێک بۆ بردنەسەرەوەی وشیاریی چینایەتی و بەڕێکخراوبوونی کرێکاران، دەسکەوتەکانی ناپایەدار دەمێننەوە

ڕێگای دەربازبوون لەم دۆخە نە لە ڕەتکردنەوەی خەباتی ئابووری، کە بەشێکە لە بوونی چینی کرێکار، بەڵکوو لە بەرزکردنەوەی ئەو خەباتەدایە بۆ ئاستی سیاسەتی چینایەتی. خەباتی ئابووریی کرێکاران دەبێ وەک خاڵی دەسپێک چاوی لێ بکرێت، نەک خاڵی کۆتایی. ئەم بەرزکردنەوەیە پێویستی بە چەندین بابەتی بنەڕەتی هەیە؛ یەکەم، پەرەپێدانی شێوازە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخستنی سەربەخۆی کرێکاران، دروستکردنی کۆمیتەی کارخانە، کۆمیتەی مانگرتن، برپاکردنی کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییەکان و زەمینەسازی بۆ دروستکردنی شۆراکان و ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتییەکانی تری کرێکاران، دروستکردنی تۆڕەکانی هاوپشتی کرێکاری لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دامەزراوە دەوڵەتییەکان و بە جۆرێک کە دەرفەتی بڕیاردانی بەکۆمەڵ بڕەخسێنن. دووەم، بووژاندنەوەی "بیری چینایەتی" لە ڕێگای تۆمارکردن، شیکردنەوە و گواستنەوەی ئەزموونەکانی خەبات. سێیەم، جێگیرکردنی پەیوەندییەکان و ئیرتباتاتی هەڵسووڕاوان و ڕێبەرانی بەشە جیاوازەکانی بزووتنەوەی کرێکاری کە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیان لەگەڵ کانونەکانی خەباتی کرێکاریدا هەیە. جێگیرکردنی ئەم پەیوەندییانە و یەکگرتنی هەڵسووڕاوانی بەشە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لە دەوری بنەماکانی ستراتیژێکی سۆسیالیستی، نەتەنیا یارمەتیدەر دەبێت لە یەکپارچەیی و سەرتاسەری بوونەوەی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان لە دەوریداخوازییهاوبەش، بەڵکوو ئاسۆیەکی ڕوون دەخاتە بەردەم هەموو بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی

❊❊❊

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

# خامنەیی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشان ئامادە دەکات

لە هەلومەرجێکدا کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێو قەیرانێکی قووڵ و هەمەلایەنەدا دەست و پێ لێ دەدات؛ لە کاتێکدا کە پیسبوونی هەوا لە زۆربەی شارەکانی ئێران گەیشتووەتە ئاستی سوور و بەو هۆیەوە ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لە شوێنی کار و ژیانیاندا تووشی نەخۆشییەکانی سی و کۆئەندامی هەناسە دەبن و ژمارەیەکیش بەهۆی نەبوونی دەرمان و چارەسەر گیانیان لەدەست دەدەن؛ لە کاتێکدا کە ڕێژەی هەڵاوسان سنووری ٦٠ لەسەدی تێپەڕاندووە و تێچووی سەبەتەی بژێوی بۆ سەرووی ٦٠ ملیۆن تمەن لە مانگێکدا بەرز بووەتەوە؛ بەهای تمەن لە بەرامبەر دۆلاردا بە شێوەیەکی بێوێنە دارماوە و توانای کڕینی کرێکاران و توێژە دەستکورتەکان بە توندی دابەزیوە، لە دۆخێکی ئاوادا عەلی خامنەیی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠ی سەرماوەز، کۆمەڵێک لە مەداح و کاسەلێسی حکوومەتی ئیسلامی کۆ کردەوە و بە خۆگێل کردن لەو دۆخە پڕ لە نەهامەتییەی کە بۆ خەڵکیان خوڵقاندووە، هەوڵی دا ڕای گشتیی کۆمەڵگا بە مەسەلەی بێ ڕەبت بە ژیانیانەوە بەلاڕێدا بەرێت و خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش ئامادە بکات

لە دۆخێکی وەهادا خامنەیی لە جیاتی وەڵامدانەوە و لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی دروستکردنی ئەم هەلومەرجە کارەساتبارە بۆ خەڵک، بەوپەڕی بێشەرمییەوە بانگەشەی ئەوەی کرد کە: "وڵات ڕوو لە پێشکەوتنە". ناوبراو لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە دۆخی مەترسیداری هەوا لە ئەهواز، ئەوەی لە بەرامبەر کێشەکانی دیکەدا بە شتێکی بچووک و بێبایەخ زانی و مەوعیزە و ئامۆژگاریی بۆ کردن کە "دوژمن هێرش دەکاتە سەر شوناسی ئایینی و مێژوویی ئێران. بەڵام ئەم خەڵکە بە موقاوەمەتی نەتەوەیی ئەم هێرشانەی دوژمنیان پووچەڵ کردووەتەوە". لە کاتێکدا خەڵک لە بیری پەیداکردنی پاروە نانێکن بۆ تێرکردنی سکی خۆیان و خێزانەکیان، ئەو بە مەوعیزەی خورافی داوای لە مەداحان کرد کە "تەرکیز بکەنە سەر مەعاریفی ئیسلامی شیعە و شۆڕشگێڕی، چونکە ئارایش و پلانی دوژمنیش ئەوەی کردووەتە ئامانج"

لە کاتێکدا کە زیاتر لە ٧٠ لەسەدی خەڵکی ئێران دەستەویەخەی هەژاری و نەبوونی و فەلاکەتی ئابوورین، خامنەیی کرێکاران و جەماوەری خەڵکی دەستکورتی بۆ "موقاوەمەت و بەرگەگرتن" وەک تاکە ڕێگەچارەی ڕژیم بانگهێشت کرد. ئەو لە هەمان کاتدا خێڵی گەورەی مەداحانی مفتەخۆر و مشەخۆر کە باڵی تەبلیغاتی حکوومەتی ئیسلامین، بسیج دەکات تا بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی دەستبەکار بن و بە قەولی خۆی "ئەدەبیاتی موقاوەمەت" یان لە ڕاستیدا هەمان "ریازەتی ئابووری" بەسەر خەڵکدا بسەپێنن. بە ئیعترافی بەرپرسی ئیدارەی "ڕێکخستنی دەستە و شورا مەزهەبییەکان"ی ڕژیم، ژمارەی دەستەکان و مەداحە جیرەخۆرەکان لە سەرانسەری ئێراندا زیاتر لە ١٠٠ هەزار و ژمارەی مەداحان تەنیا لە تاران ١٧ هەزار کەس دەبێت.

ئەم دەزگایەی شۆردنەوەی مێشکی ڕژیم لە تەنیشت هێزە سەرکوتگەرە ئەمنیەتی و سەربازییەکانی حکوومەتی ئیسلامی، ئەرکیان ئەوەیە مانگرتن و ناڕەزایەتیی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و دەستکورت بۆ بەدەستهێنانی خواست و داخوازییەکانیان سەرکوت بکەن

بەڵام لە هەلومەرجێکدا کە ڕژیمی ئیسلامی لە هەموو لاوە تووشی بنبەست بووە؛ لە کاتێکدا بە بۆچوونی کارناسانی ئابووری، شیرازەی ئابووری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە حاڵی هەرەس و دارماندایە، خامنەیی و سەرانی دیکەی ڕژیم زیاتر لە هەر کاتێکی تر خۆیان لەبەردەم مەترسی تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەبینن. سەرەڕای زیادبوونی لەسێدارەدانەکان، پەرەسەندنی دەستبەسەرکردنەکان، کوشتنی بە ئەنقەستی چالاکانی سیاسی و توندترکردنی کەشی ئەمنیەتی و سەربازی، هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم نەیانتوانیوە پێش بە گەشە و پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران و توێژە زەحمەتکێشەکانی دیکەی کۆمەڵگا بگرن و ئەم ناڕەزایەتییانە هەروا لە پەرەسەندندان. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ئۆرگانی هەواڵدەری "هەرانا"، لە ساڵی ١٤٠٣دا لانیکەم ٣٧٠٢ کۆبوونەوە و مانگرتن لە سەرانسەری ئێراندا بەڕێوە چووە

ناڕەزایەتی و ڕێپێوانی شکۆداری زیاتر لە ٥ هەزار کرێکاری پەیمانکاری لە ١٢ پاڵاوگەی ناوەندی گازی پارسی جنووبی لە عەسەلوویە لە ڕۆژی سێشەممە ١٨ی سەرماوەز، کە بۆ چەندەمین جار خوازیاری لابردنی کۆمپانیا چەوسێنەر و ڕانتخۆرە پەیمانکارییەکان بوون؛ کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی گەورەی کرێکارانی کۆمپانیا پەیمانکارییەکانی نەوت و گاز لە ناوچە جیاوازەکانی سەرانسەری ئێران بە بانگەوازی پێشوەختە لە ڕۆژی چوارشەممە ١٩ی سەرماوەز لە بەردەم مەجلیسی شورای ئیسلامی ڕژیم بە دروشمگەلێکی وەک "زوڵم و ستەم بەسە - سفرەمان بەتاڵە" و لە ناڕەزایەتی بە درێژەی تاڵانکردنی چەند هێندەی دەسترەنجی کرێکاران؛ کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی سەرتاسەری کارمەندانی بێهزیستیی پارێزگا جۆراوجۆرەکان لە بەردەم مەجلیس هاوکات لەگەڵ کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکانی دیکە لە ڕۆژی چوارشەممەدا لە ناڕەزایەتی بە ئاستی نزمی مووچە و کێشە مەعیشەتییەکان بە دروشمی "وەعدە و بەڵێن بەسە - سفرەمان بەتاڵە" و "مەدەدکار دەنگ هەڵبڕە - مافی خۆت داوا بکە"، تەنیا نموونەگەلێکن لە ناڕەزایەتییەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو

لە لایەکی دیکەوە، پشتیوانی چینایەتی بەشەکانی دیکەی کرێکاران لە مانگرتن و ناڕەزایەتییەکانی کرێکارانی نەوت و گاز، فاکتۆرێکی دیکەیە بۆ نیشاندانی گەشە و پێشڕەویی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لەدژی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداری. بڵاوکردنەوەی تراکتەکانی پشتیوانی لە مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکارانی عەسەلوویە و ناوچەکانی تر لەلایەن کۆمەڵێک لە ژنانی کرێکاری تاران و کەرەج لە ١٨ و ١٩ی سەرماوەزدا کە تێیاندا هاتووە: "ئێمە ژنان بەشێکی گەورە لە چینە گەورەکەی کرێکارانین، خەبات دژی چەوسانەوە و کۆیلایەتی مزدی و هەڵاواردنە چینایەتی و ڕەگەزییەکان، ئەڵقەی پەیوەندی ئێمەیە". وە هەروەها بەیاننامەی سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئوتوبووسڕانی تاران و دەوروبەر لە پشتیوانی لە ناڕەزایەتی کرێکارانی پەیمانکاریی نەوت و گازی پارسی جنووبی لە ڕۆژی ١٩ی سەرماوەز، نیشانەی گەشەی وشیاریی چینایەتی و هاوپشتییە لە نێو بەشە جیاوازەکانی بزووتنەوەی کرێکاریدا. هەروەک لە بەیاننامەی کرێکارانی خەباتکاری سەندیکای شیرکەتی واحیدیشدا هاتووە، تەنیا ڕێگەی گەیشتن بە مافە ئینسانییەکانی کرێکاران و توێژە زەحمەتکێشەکانی دیکە، یەکگرتوویی و تەشکیلاتە

❊❊❊



# وێرانکردنی سرووشت لە لۆژیکی کەڵەکەکردنی سەرمایەدا

قەیرانی ژینگە لە جیهانی هاوچەرخدا، بووەتە ڕاستییەکی بابەتی و گشتگیر کە هەڕەشە لە بنەما مادییەکانی ژیانی مرۆڤ و سرووشت دەکات. ئەم قەیرانە دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی «شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری» و مەنتیقی کەڵەکەکردنی بێوەچانی سەرمایەیە. لەم مەنتیقەدا، سرووشت وەک سەرچاوەیەکی خاو، خۆڕایی و کۆتایینەهاتوو دەبینرێت کە دەبێت بە خێراترین شێوە بگۆڕدرێت بۆ "بەهای ئاڵوگۆڕ"

سەرمایەداری لە ڕەوتی ناچاریی پەرەسەندنیدا، چ لە قاڵبی گەشەی پیشەسازی و چ لە شێوەی کشتوکاڵی تیجاری یان شارنشینیدا، هەمیشە دەستبەسەرداگرتن و تێکدانی فەزای سرووشتی لەگەڵدا بووە. بەپێی ئاماری ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵانە نزیکەی ١٢ ملیۆن هێکتار دارستان لە جیهاندا دەفەوتێنرێت؛ ڕووبەرێک کە لە خاکی وڵاتێکی وەک ئیسلەند بەرینترە. ئەم ڕەوتە، نەک حاڵەتێکی دەگمەن، بەڵکوو یاسایەکی پێکهاتەیی و بونیادییە لە سیستەمێکدا کە مانەوە و قازانجەکەی بەندە بە وێرانکارییەوە

لەناوبردنی دارستانەکان، وشککردنی تاڵاوەکان و گۆڕینی زەوییە سرووشتییەکان بۆ زەویی کشتوکاڵی سەنعەتی یان پڕۆژەی شارسازی، سەرجەمیان لەپێناو تێکەڵکردنی هەرچی زیاتری سرووشت لە بازنەی بازاڕی جیهانیدا ئەنجام دەدرێن. دەرئەنجامی ئەم ڕەوتە، دارمانی چەرخە سرووشتییەکان و لاوازبوونی توانای بەرهەمهێنانەوەی ئیکۆسیستەمەکانە. تاڵاوەکان گرنگترین ژینگە بۆ ڕێکخستنی چەرخەی ئاو و کەربۆن دێنە ئەژمار، بەڵام لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا بەشێکی زۆریان لەئاستی جیهاندا لەناو چوون. ئەم وێرانکارییە بەربڵاوە بووەتە هۆی دابەزینی بەرچاوی زیندەوەرە جۆراوجۆرەکان. ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان دەریدەخەن کە ڕێژەی لەناوچوونی جۆرەکان لە دەیەکانی ڕابردوودا دەیان بەرابەری ڕێژەی سرووشتی بووە. ئەم ئامارانە دەربڕی قەیرانێکن کە نەک تەنیا ژینگە، بەڵکوو ئاسایشی خۆراک، تەندروستی گشتی و سەقامگیری کۆمەڵایەتیشی خستووەتە مەترسییەوە. کشتوکاڵی سەنعەتی، کە لەسەر بنەمای یەک جۆر چاندن، بەکارهێنانی بەربڵاوی کوود و ژەهری کیمیایی و بەکارهێنانی چڕی سەرچاوەکانی ئاو دامەزراوە، هەرچەندە لە کورتخایەندا بازدەهییەکی ڕووکەش دروست دەکات، بەڵام لە درێژخایەندا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی ڕاستەقینە. خاکی لاوازکراو پێویستی بە کوودی زیاتر دەبێت و ئەوەش وابەستەیی کشتوکاڵ بە سەرمایە توندتر دەکەنەوە

قەیرانی ژینگە لە ئێران، ڕەنگدانەوەیەکی دیاریکراو بەڵام ڕیشەدارە لەم لۆژیکە جیهانییە. گەڵاڵەکانی گواستنەوەی ئاو لە نێوان حەوزەکاندا، نموونەی بەرچاوی گەشەی نایەکسان و سەپێنراون؛ پڕۆژەگەلێک کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی توانای ئیکۆلۆژیک، بۆ دابینکردنی پێداویستیی پیشەسازی و کشتوکاڵی سەرمایەمیحوەر دیزاین کراون. حەوزەی ئاوڕێژی کاروون لە دەیەکانی ڕابردوودا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک بەنداو و تونێلی گواستنەوەی ئاو بووەتەوە. کەمبوونەوەی توندی ئاو و دابەزینی ئاستی ئاوی ئەم ڕووبارە، بووەتە هۆی پێشڕەویی ئاوی سوێر لە خوارەوەی ڕووبارەکە و بەرزبوونەوەی سوێریی ئاوەکە بۆ زیاتر لە ٤٥٠٠ میکرۆمۆس؛ ئاستێک کە عەمەلەن ئەم ئاوەی بۆ کشتوکاڵ و تەنانەت بۆ خواردنەوەی مرۆڤیش نەگونجاوکردووە. ئەم دۆخە نە ڕووداوێکی سرووشتی، بەڵکوو دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی سیاسەتەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و چینی دەسەڵاتدارە

گەڵاڵەکانی کشتوسەنعەتی نەیشەکەر لە خوزستان، بە بەرهەمهێنانی ئاوەڕۆی سوێر، قەیرانەکەیان قووڵتر کردووەتەوە. ئاکامی ئەم سیاسەتانە لەناوچوونی نزیکەی چوار ملیۆن دارخورما و لەناوچوونی بەشێکی گەورەی نەخلستانەکانی خوڕەمشار و ئابادان بووە. ئەم وێرانکارییە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بژێوی هەزاران کرێکار و جووتیاری لەناو بردووە و کۆچ و هەژاری پەرە پێداوە. ئەمە بانتر لە ناکارامەیی یان گەندەڵی دەسەڵاتە. دەوڵەت لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا، کارگێڕی بەرهەمهێنانەوەی بەرژەوەندییەکانی سەرمایەیە. بڕیارە ژینگەییەکان، لە کۆتاییدا پەیڕەوی زەروورەتەکانی کەڵەکەبوونی سەرمایە و تێکەڵبوون بە بازاڕی جیهانین. بەڕێوەبەرایەتیی بێ سەرەوبەرە و بێ کۆنترۆڵ، نەک سەرپێچی و لادان، بەڵکوو شێوازی گونجاوی حوکمڕانییە لەم جۆرە پێکهاتەیەدا

لە ئاستی جیهانیدا، ئاکامەکانی ئەم سیستەمە بە ڕوونی دەبینرێن. پیسبوونی هەوا، ساڵانە دەبێتە هۆی مەرگی نزیکەی ٧ ملیۆن کەس و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا ئاسایشی خۆراکی زیاتر لە ٣ ملیارد مرۆڤ دەخاتە مەترسییەوە. سەرمایەداری بە بەڵێنی بەرهەمداری و گەشە، لە کردەوەدا مەرجە مادییەکانی بەرهەمهێنان، واتە خاک، ئاو و هەوای وێران کردووە و داهاتووی خۆشی خستووەتە مەترسییەوە. قەیرانی ژینگە، ڕوخساری ڕاستەقینەی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ئاشکرا دەکات. تا ئەو کاتەی سرووشت وەک کاڵا و قازانج وەک پێوەری بڕیاردان بمێننەوە، وێرانکاری هەروا بەردەوام دەبێت. دەربازبوون لەم بنبەستە مێژووییە، نە لە ڕیفۆرمی ورد و لاوەکی و نە لە «سەرمایەداریی سەوز»، بەڵکوو لە دابڕان و گۆڕینی بنەڕەتی لۆژیکی قازانجدایە

بۆ بەرەنگاربوونەوەی وێرانکردنی ژینگە، ئەگەرچی چالاکی هۆشیاریدەرانە بە مەبەستی پەرەپێدانی کولتووری پێشڕەو و ڕەفتاری بەرپرسانە بەرانبەر بە ژینگە ئەرکی هەمیشەیی کۆمۆنیستەکانە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت جەخت لەوە بکرێتەوە لە سیستەمێکدا کە هەموو شتێک لە پێناوی سووڕانەوەی سەرمایە و بەدەستهێنانی قازانجدایە و ڕۆژانە هەستیی مرۆڤەکان و ژینگە دەکرێنە قوربانی قازانج پەرستی سەرمایە، پێشڕەوی لە خەبات دژی وێرانکردنی ژینگە و بەدیهێنانی باشتربوون لەم بوارەدا، بەبێ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو دۆخ و مناسباتەی کە بە حوکمی جەوهەری زاتی خۆی ڕۆژانە گۆشەیەک لە سرووشت بەرەو وێرانبوون دەبات، مومکین نییە. تەنیا بە خاوەندارییەتیی کۆمەڵایەتی سەرچاوە سرووشتییەکان، پلاندانانی دیموکراتیکی بەرهەمهێنان و ئەولەوییەتدان بەپێداویستی مرۆڤ و ئیکۆلۆژی دەتوانرێت پەیوەندی پچڕاوی نێوان مرۆڤ و سرووشت سارێژ بکرێتەوە. ئیکۆلۆژی سۆسیالیستی، نە ئارمانێکی خەیاڵی، بەڵکوو زەروورەتێکی مێژووییە بۆ مانەوەی ژیان. ڕزگاری مرۆڤ لە دەسەڵاتی سەرمایە، هاوکات ڕزگاری سرووشتە لە لۆژیکی وێرانکەری کەڵەکەکردن. ئەم دوو ڕێگایە لە یەک جیا نین؛ هەردووکیان لە گرەوی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەی نەزمی مەوجوود دان



# خامنەیی و سەرانی دیکەی ڕژیمی ئیسلامی ترسی ڕووخانیان لێ نیشتووە

هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی ترس و نیگەرانییەکان لە ئەگەری ڕووخانی دەسەڵات، ڕێبەران و بەرپرسانی ڕژیمی ئیسلامی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە شێوەیەکی هاوکات دەستیان داوەتە کۆمەڵێک جموجۆڵ لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا. ڕۆژی چوارشەممە ٢٦ی سەرماوەز، عەلی خامنەیی بە دەرکردنی چەند فەرمانێک، ژمارەیەکی دیکە لە فەرماندەکانی ئەرتەش و سپای پاسدارانی لە پلە باڵاکان و ناوەندە هەستیارەکاندا ئاڵوگۆڕ پێکرد. لەوانە "ڕەزا ئیلهامی" وەک فەرماندەی هێزی پەدافەندی هەوایی ئەرتەش و فەرماندەی قەرارگای پەدافەندی هەوایی "خاتەمولئەنبیا"ی سپای پاسداران دیاری کرد. هەروەها خامنەیی "بەهمەن بێهمەرد"ی وەک فەرماندەی هێزی هەوایی ئەرتەش ناساند و فەرماندەکانی پێشووی ئەو دوو یەکە هەستیارەی لە کارەکانیان دوور خستەوە. هۆکارە نەوتراوەکانی ئەم دانان و لابردنانە، دەگەڕێتەوە بۆ ترسی ڕژیم لە دزەکردنی دەزگای سیخوڕی ئیسرائیل بۆ ناو ڕیزەکانی سپای پاسداران و ئەرتەش، هەروەها بێلیاقەتی و بێکەڵکی ئەوان لە کۆنترۆڵکردنی یەکەکانی بەرگری ئاسمانی لە شەڕی دوازدە ڕۆژەدا

لە جەریانی شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئیسرائیل لە مانگی جۆزەردانی ڕابردوودا، بەرگرییە ئاسمانییەکانی ئەرتەش و سپای پاسدارانی ڕژیم هەر لە کاتژمێرەکانی سەرەتای دەستپێکی شەڕەکەدا تێکشکێندران و ئیفلیج بوون و ئاسمانی ئێران کەوتە ژێر کۆنترۆڵی فڕۆکەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا. لابردنی فەرماندەکانی ئەم دوو یەکەیە دوای تێپەڕینی ٦ مانگ، لە کاتێکدا روو دەدات کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئەگەری هێرشی ئاسمانی دیکە لەلایەن ئیسرائیلەوە بەهێزتر بووە. هەر لەم پەیوەندییەدا ڕۆژی چوارشەممە، وتەبێژی ستادی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ڕژیم ئیدیعای کرد کە: "هێڵی بەرهەمهێنانی مووشەکەکانی کۆماری ئیسلامی دوای شەڕی ١٢ ڕۆژە هەروا چالاکە و ڕانەگیراوە"

لەلایەکی دیکەوە، وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل هەر لەو ڕۆژەدا (چوارشەممە ٢٦ی سەرماوەز) لە وتووێژێکدا لەگەڵ کەناڵی ئەلعەرەبییە ڕایگەیاند کە: "کۆماری ئیسلامی هەروا لە هەوڵدایە بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی و مەترسییە بۆ سەر سەقامگیری ناوچەکە". ڕۆژێک پێشتر، سەرۆکی دەزگای هەواڵگری دەرەوەی ئیسرائیل (مۆساد)، کۆماری ئیسلامی و حیزبوڵڵای وەک کانون و ناوەندی قەیران و کێشەکانی ناوچەکە ناساند و ڕایگەیاند کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بەدوای بووژاندنەوە و درێژەدان بە پڕۆژەی ئەتۆمی و بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیلدان. لە بەرامبەردا ئیسرائیلیش ئەرکی سەرشانییەتی کە بە هەماهەنگی نزیک لەگەڵ ئەمریکا، ڕێگری لە بووژانەوەی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران بکات. سەرەڕای ئەوەش، هەفتەی ڕابردوو ماڵپەڕی خەبەری "ئەلمۆنیتەر" لە زاری سەرچاوە دیپلۆماتیکە ئەوروپییەکانەوە بڵاوی کردەوە کە ئیسرائیل تەنانەت لە ئەگەری ڕازینەبوونی ترامپیشدا لە ساڵی ٢٠٢٦، هێرش دەکاتە سەر کۆماری ئیسلامی. هەڕەشەی بەرپرسانی دەوڵەتی فاشیستی نەتانیاهو هاوکات لەگەڵ کردەوەکانی ڕژیمی ئیسلامی، مەترسی هەڵگیرساندنی شەڕێکی دیکەی زیاتر کردووە

لە وەها هەلومەرجێکدا خامنەیی و بەرپرسانی دیکەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، وێڕای ئەوەی بە گێڕانەوەیەکی چەواشەکارانە و پێچەوانە خۆیان وەک براوەی شەڕی ١٢ ڕۆژە دەناسێنن، بەڵام یەکجار نیگەرانی هێرشێکی دیکەن لەلایەن ئیسرائیلەوە. ئەوان بەو پاساوەی کە "ئەگەر ڕژیمی (زایۆنیستی) دەتوانێت ناوەندە ئەتۆمییەکانی ئێمە بۆردومان بکات، بەڵام ناتوانێت زانستی ئەتۆمی ئێمە لەنێو ببات و بەرنامەی ناوکی ئێمە دەکرێ سەرلەنوێ زیندوو بکرێتەوە"، جارێکی دیکە کەوتوونەتە تەقەلا تا لە ڕێگەیەکی دیکەوە دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا لەسەر پرسی ئەتۆمی بکەنەوە و بە قەولی خۆیان، "ووتووێژی ئابڕوومەندانە" بۆ "سازشی قارەمانانە" بگرنە بەر

لەو پەیوەندییەدا، کۆماری ئیسلامی ئەمجارە عەباس عێراقچیی ڕەوانەی مۆسکۆ کردووە تا بەڵکوو ڕووسیا بۆ دەستپێکردنەوەی وەها دانوستانێک لەگەڵ ئەمریکا ببێتە ناوبژیوان. ناوبراو ڕۆژی چوارشەممە ٢٦ی سەرماوەز، لەگەڵ سێرگێی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا دیداری کرد و وێڕای پێهەڵکوتن و ستایشی ڕیاکارانە و زیادەڕۆیانە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و ڕووسیا، ڕایگەیاند کە ئێمە بەردەوام پشتیوانی یەکتر بووین و لە مەسەلەی دووبارە نەبوونەوەی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر کۆماری ئیسلامی، حیسابمان لەسەر ڕووسیا کردووە. ئەو بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە ئێمە هەرگیز مێزی دانوستانمان لەگەڵ ئەمریکا بەجێ نەهێشتووە، وتی: "ئەمریکا ئامادە نییە لەسەر بنەمای ڕێزی دوولایەنە و بەرامبەر دانوستان بکات و بە دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە بژاردەی سەربازی لەسەر مێزە، دەیەوێت دانوستانەکان دیکتە بکات". عێراقچی وتیشی ئێمە متمانەمان بە نیازپاکی ڕووسیا هەیە و هەر کات مۆسکۆ بخوازێت لەم دۆسیەیە یان بابەتەکانی دیکەدا دەورێک بگێڕێت، ئێمە پێشوازی لێ دەکەین. لاڤرۆڤیش لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا ڕایگەیاند "ئەگەر کۆماری ئیسلامی داوامان لێ بکات، ئامادەین ڕۆڵی ناوبژیوان لە دۆسیەی ئەتۆمی ئێران لەگەڵ ئەمریکا بگێڕین". سەفەری عێراقچی لە دۆخێکدا ئەنجام دەگرێت کە باسی ناردنی پەیام لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ ئەمریکا جارێکی دیکە هاتۆتەوە بەرباس

خامنەیی و بەرپرسانی دیکەی ڕژیم لە کاتێکدا لەسەر هەڵوێستی شەڕخوازانەی خۆیان پێداگری دەکەن، کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ قەیرانی قووڵ و بێئەژمار لە ناوخۆ و دەرەوە دەستەویەخەیە. نرخی دۆلار گەیشتۆتە سەرووی ١٣٠ هەزار تمەن و بەرزبوونەوەی لەناکاوی نرخەکان پەرەی بە هەژاری و نەبوونی ئاسایشی خۆراک داوە؛ گرانی و هەڵاوسانی بەرین، کڕینی نانی وشکیشی بۆ کرێکاران و خەڵکی کەمداهات کردووە بە قیست. لەگەڵ ئەوەشدا ڕژیم ئامادە نییە ئیمکاناتی دارایی و پارەی داهاتی نەوت و سەرچاوەکانی دیکە لەپێناو کرانەوەیەک لە ژیان و بژێویی خەڵک خەرج بکات. بەڵکوو ئەو سەروەت و سامانە بۆ بووژاندنەوەی حیزبوڵڵا و هێزە تیرۆریستەکانی دیکەی "میحوەری موقاوەمەت"، یان بە قەولی وتەبێژی ستادی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ڕژیم، لە ئاراستەی بەردەوامی هێڵی بەرهەمهێنانی مووشەک و چەک و تەقەمەنی دیکە بەهەدەر دەدات

لە وەها هەلومەرجێکدا، پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتییەکانی کرێکارانی ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و دامەزراوە پیشەسازی و خزمەتگوزارییەکان، هەروەها ناڕەزایەتی پەرستاران، مامۆستایان، خانەنشینان و پەرەسەندنی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەک بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، بزووتنەوەی "نا بۆ سێدارە" و... بوونەتە بابەتێکی چارەهەڵنەگر و حەتمی

❊❊❊



# شێعر

## کچی بەیان

من ئەڵێم پەپوولەیەک فڕی بە باڵی سەوز و سوورەوە

من ئەڵێم گوڵێک بە دەم شنەی شەماڵەوە بزەی بزووت

تۆ دەڵێی چ بوو پەپوولەیەک فڕی؟

یا نە سووره‌گوڵ زەردە کەوتە لێوی ناسکی؟

من ئەڵێم هەتا هەتایە دەوری جوانیە

ئەورۆ گەر هەتاو کەسیرەیە نەماوە ئاگر و گڕی

مێرگی ئاسمان بە سووتمانی هەوری لۆکەیی نەزۆک

پڕ لە خاڵ و قۆپەنە!

زەلکە گەر تەیاری تیر و قۆشەنە

جەنگەڵێ کە جێ ژوانی پۆلە پۆڕی بارە

مۆڵە کەمتیار و گورگ و ڕێویە

خۆشەویستەکەم!

لە پەنجەرەی نیوە تاکی بوومەلێڵەوە

چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانیە

لە حەنجەرەی زەمانەوە

گوێم لە زەمزەمەی زوڵاڵی خێزە وردەکانی کانیە

باسی شەو مەکە نە شایەری شەوم

باسی خەو مەکە لە لای هومێدی فێرە سەر ڕەوم

بەو دەمەی کە بۆنی سەد بەهاری لێوە دێ

بۆنی دەشتی بەختیاری باوەشی چیا بە دەستی با

بە گوڵ چناوی لێوە دێ

بۆنی سەر سەکۆی بە کاگڵی تازە ئاو پڕێن کراوی لێوە دێ

پیم مەڵێ کە داکەوم

پێم مەڵێ کە ئاڵێ زاڵی شەو

چاوی بێ خەوی چرە

پێم مەڵێ کوا گەڕانەوە ئەوەی کە چوون

خۆشەویستەکەم!

ئێمە نوێنەری خەباتی ڕۆژهەڵات

ڕۆژهەڵاتی سووری ئاگرین

فێر نەبووین بە زین و دابەزین

ڕا نەهاتوە چاوی لاوی قارەمانی کورد بە شەونمی گرین

پێم مەڵێ شەو کرە چیا چرە

ڕاستە گیانەکەم

ڕێگەمان سەختە، قاقرە

خۆشەویستەکەم!

لە پەنجەرەی نیوە تاکی بوومەلێڵەوە

چاوی من لە دیمەنی کچی بەیانیە

لە حەنجەرەی زەمانەوە گوێم لە زەمزەمەی

زوڵاڵی خێزە وردەکانی کانیە

"سوارە"

❊❊❊




### کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

پێشـــــــــڕەو
ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

نوێنه رایه تیی کۆمه ڵه له ده ره وه ی وڵات
representation.of.komala@gmail.com

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب

international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧